

Scanned with CamScanner

238 posts
19.2k followers
7 following

Promote
Edit Profile


پەڕەی فەرمی 📚 کتێبی PDF 📚
Public Figure

لێرە
باشترین و بەسودترین و پڕ خوێنەرترین کتێبەکان
بە خۆڕایی و بە شێوەی PDF داگرە
.
Ganjyna
.
لینکی کتێبەکان 👇 ئەم لینکە بکەرەوە بۆ داگرتنی کتێبەکان
drive.google.com/folderview?id=1gk8e3nSJGJLu36xeLUjwdbjgTSVslbo_


Ktebi_PDF




Scanned with CamScanner










Scanned with CamScanner



نەوژین سۆران
Nawzhin Soran

Scanned with CamScanner



شەوێکی درەنگ بوو، سەیری (مارلین) ی کچم کرد و بڕیارمدا
بەشێك لە داهاتی ئەم کتێب و ئەلبومە ببەخشم بە منداڵە بێ نازەکان
(منداڵانی بێ سەرپەرشت)

Scanned with CamScanner

ناوی کتێب: ئەم و تۆ

بابەت: شیعر

نوسینی: نەوژین سۆران

وێنەکێشی: محەمەد رەئوف

دیزاینی بەرگ: هەرێم عوسمان

دیزاینی ناوەرۆك: هەرێم عوسمان - محەمەد خالید

فۆتۆ: باوان ئومێد

چاپ: چاپخانەی کارۆ

نۆبەتی چاپ: چاپی دووەم

تیراژ: ٥٠٠٠ دانە

نرخ: ٥٠٠٠ دینار

ساڵی چاپ: ٢٠١٩

لە بەڕێوەبەرێتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردنی ( ٩٥٢) ی ساڵی ٢٠١٨ ی پێدراوە

بۆ دووبارە چاپکردنەوەی ئەم کتێبە، پێویستی بە مۆڵەتی خاوەن بەرهەمەکە
پێچەوانەکەی تووشی لێپ...

Scanned with CamScanner

# پێشەکی و سەرنج:

**شیعردۆستی ئازیز:**

تەواوی ئەم شیعرانە هەموو ئەو هەستانەن کە ڕۆژانێك لە دۆخێکدا وەك منداڵێکی من هاتونەتە بوون، وە منیش بە قەڵەمەکەم و شەونخونییەکانم نازی یەك بەیەکیانم کێشاوە و هۆنیومنەتەوە، جێی فەخر و شانازیمە کە لەهەریەك لەئێوەی ئازیزی ئەبیستم ئەڵێن: دەڵێی بۆ منت نووسیوە! ئەو کات هەست بە ئاسوودەییەکی زۆر دەکەم و هەست دەکەم خۆنەویستانە هەستەکانمان ئاوێزانی ئاوێزانی یەکتربوون و بومەتە نارکێشی هەستە جوانەکانی ئێوەش، بۆیە ئەڵێم کە هەر شیعرێکم هی هەر ئازیزێکە کە خۆی تێدا دەبینێتەوە و لەدڵەوە هەموو شیعرەکانی نەم و نۆ پێشکەش بە یەك بەیەکی ئێوەی ئازیز

نەوژین سۆران

Nawzhin Soran

Scanned with CamScanner

نەوژین سۆران دەنگێکی نوێ و بەهەستێکی ناسکەوە
ـە وشەگەلێکی تازەوە هاتۆتە پێش و پێمان دەڵێت: منیش
هۆنەرم.

ئەم هۆنەرە گەنجە، شیعرەکانی سادەن بەڵام وەك عەرەب
وتەنی (سهل مومتنع) ن،واتە سادەن بەڵام شتی لە پشتەوەیە.
من وایدەبینم نەوژین سۆران ئەگەر بەم هەناسانە بەردەوام
بێت خوێنەرێکی بێشومار لەدەوری خۆی کۆدەکاتەوە، زۆر
بە زوویی و بە تەوژمێکی خێرا ڕێ ئەبڕێت و وەك بەنداوێکی
تەقیو بەری پێناگیرێت.

من دەستخۆشی لێدەکەم و هیوای بەردەوامیی بۆ دەخوازم.

**ئەحمەد محەمەد**
**شاعیر**

Scanned with CamScanner

# ڕابەری دڵ شکاوەکان

شەوانە لە ژوورەکەتا
گریان بووە بە میوانت ؟
خەم و خەفەت مەیلی داوە
بە گریانت ؟
بە دەم بیرکردنەوە لە ئەو
چەند جار بێزار بووی لە گیانت ؟
هەر فێر نەبووی
دڵت لای کەس جێنەهێڵی ؟
کە بەجێت هێشت
دوایی باخی ژان ئەکێڵی ،
لەوەتەی دنیا دنیایە
گریان بۆ عەشق باریوە
بێوەفایەکم نەبینی
بڵێن فرمێسکی یاری سڕیوە ،
هەر جوانەکان سەبەبکاری
دەرد و کوڵن
شارەزای داگیرکردنی
تەختی دڵن ،

Scanned with CamScanner

کێ ئەڵێت پایز ڕاست ئەکات

ئەڵێت عاشی گەڵم و ئەیوەرێنێت

خۆ ئەو وتی من شێتی تۆم

کەچی دوری وا خەریکە

خەندەی لێوت ئەتۆرێنێ ،

من نەک میوان

گریانم کرد بە خاوەن ماڵ

ڕۆحی خۆم دایەدەست خەیاڵ

هەتا ئێستاش دڵم لای ئەو بەجێماوە

گریانی من باران نییە

بۆ چەند ساتێکی کەم نییە

وا ئەمخنکێنێ فرمێسکی چاو

خوێنی جەستەم بۆ دڵ ڕەقێک بووە

بە ئاو

تەختی دڵم زۆر دەمێکە

ئاڵای سپی بۆ هەڵداوە

ئێستا لای من

گوڵیش لە بەهار ڕەنجاوە



Scanned with CamScanner

نەک هەر پایز
بەهاریشی کردمە خەزان
هەرچی دڵخۆشی من هەیە
بە ڕۆشتنی هەمووی تۆران
لە دوای کۆچی هۆنراوەم کرد بە
هاوسەرم
عاشقە دڵ شکاوەکان
تاجی ڕابەری کاروانیان کردە سەرم
من بووم بە مەلیکی هەست و
پادشای وشە
هەرچی بڵێم گوێم بۆ ئەگرن
پێم ئەڵێن بۆمان بنووسە
دڵدانەوە و تۆنی دەنگت
بۆ دڵی شکاو پێویستە

Scanned with CamScanner

## وەفای کچێک

بێزار نەبووی
لە شین و فرمێسک و گریان ؟
بڕستت کۆتایی نەهات
ئەی کچی جوان ؟
هێزت ماوە بۆ ناڵە ناڵ ؟
ئێستاش هاوڕێتە خەمی تاڵ ؟
عەشقی ئەو لاوە هەر ماوە
کە نەیەهێشت هەرگیز بگریت ؟
ئێستاش هەر خەم بۆ ئەو ئەخۆی
هەتا ئێستا هەر بە یادی ئەوە ئەژیت ؟
ئاااااای جوانکیلە چەند بەوەفای
بە ئاشکرا چەندجار ئازارت دراوە
لە ڕۆژێکداسەد جار دڵت شکێنراوە
هەر نەتۆرای
ئێستاش هەر کچە جوانەکەی
کچە نەرم و نیانەکەی
لەگەڵ ئەو پیاوە دڵ بەردە
هەر نەگۆڕای



Scanned with CamScanner

تاوانباری

هەتا ئێستا تۆزێک ئازارت نەداوە

بۆ بۆنێکت تۆزێک ئاهی نەکێشاوە

ئەوەندە مەیلت پێداوە

بۆیە هیچ قەدرت نەماوە

ئەزانی ئێستا لە کوێیە ؟

لە باوەشی کەسێکی تر

دەستی لە ناو پرچێکی تر

خەیاڵی لای خەوێکی تر

هەستی لە لای کیژێکی تر

دڵی لای دڵدارێکی تر

گوێچکەکانی ئێستا لە لای دەنگێکی تر

سەری لەسەر سنگێکی تر

لەگەڵ تۆدا دڵ وەک بەرد و

لەگەڵ ئەودا دڵی لە پەموو نەرمتر

زاری ئێستا ڕاهاتووە

بە ناو هێنانی یاری تر

ئێستا چەترە بۆ بارانی ئاسمانی تر ،



Scanned with CamScanner

ئەو عەشقەی کە تۆ فێرت کرد
وەکو وانە ئێستا بەوی ئەڵێتەوە
تۆ فێری خۆشەویستیت کرد
کەچی بۆ ئەو ئەتوێتەوە
ئاااای جوانکیلە
کوا دڵدارەکەی جارانت ؟
کوا پێکەنینەکەی زارت ؟
کوا ئەو گوڵانەی بە دیاری بۆت هاتبوون ؟
بۆچی سیس بوون
کوا ئەو گفت و بەڵێنانەی بۆ داهاتوو باستان ئەکرد
بۆچی ون بوون ؟
کوانێ خۆشیەکانی دڵتان ؟
کوانێ مناڵی نێوانتان ؟
کوانێ نوکتەو قسەی خۆشی ؟
بۆچی لەبەر ئەو بێ هەستە وا بێهۆشی ؟
ئەو هەموو جوانیەی هەتە بۆچی بڕوا ؟
بۆچی لە ڕاستی ڕا ئەکەی دە با بڕوا



Scanned with CamScanner

دەی یارەبی بەفر نەبارێ لە کێوی

لەبەر ئەوە تۆ وا خێر لەخۆ نەدیوی

سەد ساڵی کە هەر بەژانی ئەوە ئەمریت

لەبەر ئەوە هەتا ماوی ئەبێ بگریت

ئاااااای جوانکیلە چەند بەوەفای

وەکو هۆنراوە نەمنووسین ئەم دێڕانە

وشەکانم ژانی وەفایەکی جوانە

ڕاز و سکاڵی کچێکی میهرەبانە

Scanned with CamScanner

نەوژین سۆران

# ئێستا چۆنی ؟

دڵت هەر وەکو جارانە ؟
وەکو ئەوسا حەزت لە بۆنی
بارانە ؟

ئێستا چۆنی ؟
لێوەکانت وەک خۆی ماوە ؟
خەندە و بزە جوانەکانت نەتۆراوە ؟

خۆشەویستیت بۆ گوڵ ماوە ؟
ئەو عەترەی کە یات لە دەستم
باوەڕ ئەکەی هەتا ئێستا بۆنی ماوە ؟

ئێستاش حەز بە پیاسە ئەکەی ؟
بەدەم ڕێوە کە ملی شەقامێ ئەگریت
باسی کام گۆرانی ئەکەی ؟

Scanned with CamScanner

ئێستا چۆنی ؟
خەوی ڕەنگاوڕەنگ ئەبینی ؟
لە دوای ئەو هەموو دورییە
داهاتوو هەر گەش ئەبینی ؟

حەزت لە پەمەیی ماوە ؟
خۆشەویستی لە ناو ڕۆحتا
هێلانەکەی نەڕوخاوە ؟

ئێستا چۆنی ؟
هیوام وایە دەستەکانت گەرمی مابێ
ئەم داوایە لە خوا ئەکەم
ئاە و نزا و
هەناسەی ساردی بێ تۆییم
خۆشییەکانتی تێک نەدابێ

ئێستاش حەزت لە گڕی

بچۆکۆلەی مۆمە ؟

ئێستاش هەروەکو ئەوسا وای ؟

زوو زوو ئەڵێی خەمی تۆمە ؟

وا هەست ئەکەم زۆر گۆڕابی

بۆنی جارانت بۆم نایە

هەرچەن سەیری چاوت ئەکەم

وێنەکانت ئەمدیو و ئەودیو پێ ئەکەم

لە خۆت ناچێ

ئەڵێی بەدەم باوە ڕۆشتووی

هەرچی ئەکەم تۆم بیرناچێ

هیچم ناوێ

بەس ئەپرسم ئێستا چۆنی ؟

دەستت بیری دەستم ناکا ؟

گوێچکە بچکۆلانەکانت

ئێستا بیری دەنگم ناکا ؟



Scanned with CamScanner

پێت ئەوتم عاشقی خۆر هەتاوم
بە تایبەتی ئاوا بوونی
هەر ئەبوو ئەوسا زانیبام
کە بەتەمای جێهێشتن و بزر بونی

ئەستێرەکانت بیر ماوە
کە شەوان بۆم ئەژماردی ؟
ئەو وێنانەت لەلا ماوە
کە جار بە جار بۆم ئەناردی ؟

دڵت چۆنە ؟
ئێستاش پڕیەتی لە گریان ؟
ئەگەر تۆزێک بیرم بکەی
شەڕ ئەفرۆشی وەکو جاران ؟

Scanned with CamScanner

لەسەر بەڵێنەکەت ماوی
مناڵێکی جوانمان ئەبێ ؟
بیرتە ئەدوت وای فێر ئەکەم
هەموو دنیای بەس بابە بێ ؟

ئێستا چۆنی
کوای چیت لێهات ؟
تەنها وڕێنەی شەوان بوو ئەم قسانە ؟
ئێستاش هەر بە خەیاڵ ئەژیم
چاوەڕێم ببن بەڕاستی ئەو ڕۆژانە

Scanned with CamScanner

# دیوانی ڕەش

ئەمشەو خراپ بیرم کردی
نە گۆرانی و نە مانگەشەو
ناتوانن تۆم بیر بەرنەوە
بەڵێن ئەیەم لە ئێستاوە شیعرەکانم
جیاواز بێ لەوانی دیکە
ئاوڕ لەکەس نەیەنەوە
لەم شیعرەیا نە ناوی قاوە ئەهێنم
نە گوڵ ئەخەمە ڕستەوە
شەرت بێ ئیتر بە شەوانە
خۆم مەست نەکەم
بە گۆرانی و بە بەستەوە
جگە لە تۆ ئەوینی کەس
نابەستمەوە بەم هەستەوە
یەک دیوانت بۆ ئەنووسم
ڕەش بێت یەک پارچە بەرگەکەی
دیوان چییە و شیعر چییە
تۆ لێرە بی و هەستێ بکەی



Scanned with CamScanner

# هەر وەک خۆتی ، تۆزێک کاڵتر

کە سوراوەکەت کاڵ بۆوە
سەد ژووانی بۆ چۆڵ ئەکەی
ئەگەیتە لای ئاوێنەیک
ئەمجارە تۆختری ئەکەی

کە بۆنەکەت تۆزێك کاتی بەسەردا ڕۆی
خێرا عەترەکەت ئەهێنی
هێشتا گەرووی عەتر تەڕە
جارێکیکە بە باڵتا ئەیپرژێنی

هیچ ئاگات لە دڵم نەبوو
واتزانی کاڵ نابیتەوە
کە پێم وتی وەك شێرە بەفرینە جوانی
تۆ واتزانی ناتوێیتەوە

Scanned with CamScanner

کە ڕۆیشتی وەکو گەڵا بەدەم باوە

من لە بەفر پەیکەرێکم بۆ ساز کردی

لە پەیکەر ساز زۆر زۆر جوانتر

نازانم کەی ئەتوێیتەوە

بەڵام ئێستا هەر وەک خۆتی ، تۆزێک کاڵتر

Scanned with CamScanner

# کچی سپی

ئەم هەستە چییە من هەمە
بۆچی لێم نابڕێ ئەم خەمە
شەرمەزار بیت پایزی زەرد
ئەگەر گەڵت لێ وەریبێت
بەقەد وەرینی جوانی ئەو لەم قەڵەمە
کچێک وا یەتە دڵمەوە
بەفر ئاڵاوە لە باڵی
ئەو ئێستا خاک و وڵاتمە
دڵ ڕەقیش بووە بە ئاڵی
کچێک وا یەتە دڵمەوە
دیکتاتۆرێکی زۆر جوانە
ناسکترین گۆرانییە سروودەکەی
کچی سپی
پێویستت بە سوپا نییە
بە یەک نیگای چاوەکانت
ئەم دڵەی من داگیرئەکەی

Scanned with CamScanner

# تۆ بەس یەکجار بڵێ باش ١

پایزان چۆن بەڕێ ئەکەی ؟
خەم بۆ گەڵای وەریوو ئەخۆی ؟
خەم بۆ قەدی تەزیووی دار ئەخۆی ؟
باش ئەزانم ،
تۆ خەمی دار و بەردیشتە
تۆ ئەوەندە میهرەبانی
خەمی چەتری بەر بارانی
پایزیشتە ،
تاکە خەم کە تۆ نیتە
منێکی عاشقی شێتم
کە شەو و ڕۆژ
ڕوو لە خودا
دەست بە نزا
چاوەڕێتم ،
بەس تۆ یەک جار بەو لێوانە
بەو شێوە زارە جوانە
بڵێ باش



Scanned with CamScanner

بڵێ لەم پەسەندە ئەو عەشقەی تۆ

بەڵێن بێت ئازیزەکەی من

هەتا ئەمرم

ئەبم بە خۆڵی سەر ڕێگا

ئەبم بە پەروانەی دەوری چرا

تۆ بەس یەک جار بڵێ باش

ئەبم بە جانتاکەی دەستت

ئەبم بە بازنی باسکت

بۆت ئەبم بە چەتری بەر باران

ئەبم بە تریفەی مانگی شەوان

تۆ بەس یەک جار بڵێ باش

ژیانت سوور باران ئەکەم

هەرچی شادی دنیا هەیە

ئەیکەم بە یەک چەپک گوڵ و

لەسەر ئەژنۆ

لەبەر دەمتا چۆک دا ئەدەم

پێشکەشی جوانی تۆی ئەکەم

Scanned with CamScanner

# تۆ بەس یەکجار بڵێ باش ٢

باشە خۆ تۆ پێت ئەوتم

من ناز و مەکر نازانم

ئەی ئازیزە بەنازەکەم

ئەی خانمە نازدارەکەم

وا ئەمکوژی بە نازی ئەو چاوانە

وا خەریکی حەیرانم ئەکەی

بە ناسکی ئەو لێوانە

هێواش بە ڕێگادا بڕۆ

سەبر وەرە و نازێکی خۆت

بەم ناوەدا بپرژێنە

تاوێ وەرە بەو نازە شەرمنە جوانەت

پەتی دڵم بپچڕێنە

Scanned with CamScanner

# تۆ بەس یەکجار بڵێ باش ٣

نەمبینیوی
بەڵام بیرت ئەکەم
تۆ لێرە نیت و
هەست بە بوونت ئەکەم
ئازیزەکەم ئیتر بەسە
هیچ هێزم پێ نەماوە ،
لە تاو دووری و بیر کردنت
دەنگم تەواو نووساوە ،
لەبەر من نا
لە خاتری ئەو هەموو گەنجە عاشقە
تاوێ وەرە
ئەوان دەنگی منیان ئەوێ
بۆ سەبوری خەمی شەوان
منیش دەنگی تۆم پێویستە
بۆ ئیلهام و بۆ نووسینی گشت شیعرەکان



Scanned with CamScanner

# تۆ بەس یەکجار بڵێ باش ٤

نۆڤەمبەری هەموو ساڵێک
ئەو بەرواره ئەنووسمەوە
لەناو پەڕەکانی دڵما
هەموو ڕۆژێک ئەیخوێنمەوە ،
ئەگەر سەد ساڵیش تێپەڕ بێت من هەر لێرەم
من هەر لەسەر ئەم کورسییەی ئێرەم ،
هەر چاوەڕێم تۆ بێیتەوە
وەکو سەد ساڵ بەر لە ئێستا
دیسانەوە بیڵێمەوە ،
وەکو ئێستا لێت بپرسم
تۆ بۆچی ئەوەندە جوانی؟
تۆ بۆ هێندە میهرەبانی؟
لێو نەرمەکەم



Scanned with CamScanner

ئەی خاتوونە دەست گەرمەکەم

چاو گەشەکەم

ئەی خانمە دەنگ ناسکەکەم ،

من هەر لێرەم

تۆ هەرکاتێک ئارەزووت کرد خۆت وەرەوە

جارێکی کە دەست لە ناو دەست ئەنێینەوە

بۆئەبەد جیا نابینەوە

Scanned with CamScanner

# پیرە لاو

پێش مردنم
ئەو هۆنراوانەی نووسیومن
بۆم بڵێنەوە
با لە ناو دێڕ بە دێڕیدا
شێوەی تۆم بیرکەوێتەوە
بۆم بڵێنەوە

ئەم دنیایە چەند زاڵمە
چۆن تەمەنمی برد بە بادا
ئەگەر تەمەنم بەنەوە
تۆم لە دەستی خۆم نە دەدا

بۆم بڵێنەوە
ئەو گۆرانیانەم بۆ بڵێن
بە منالّی پێی ئەخەوتم
ئەو سروودانەم بۆ بڵێن
نیشتمانی لا جوان کردم
بۆم بڵێنەوە

Scanned with CamScanner

بمبەنەوە بۆ منداڵیم
زۆر بێزارم لەم تەمەنەم
لە گەڵی وشکی زەرد ئەچم
زۆر گۆڕاوە سیما و شێوەم

ئەو نوکتانەم بۆ بڵێنەوە
قاقام پێی ئەگەیشتە ئاسمان
دڵدارەکەی جارانم ئەوێ
دەستم بگرێ و بمباتەوە بۆ ناو ژیان

پیشانی ئاوێنەم مەیەن
ئەترسم لە پیربوونی خۆم
لە ناکاوێ هاکا مردم
ئەتوێمەوە هەر وەکو مۆم

Scanned with CamScanner

کوا نازەکانی منالیم ؟
بەبێ مەبەست پێیان ئەیام
کوانێ دەستەکانی دایکم
لە ترسی جەنجاڵی دنیا
بۆ یەک چرکەش بەری نەیام

باوکم ئەیوت گەورە مەبە
من پاڵەوانی خەونی تۆم
ئای بابە گیان من وا پیر بووم
هەستانە سەرپێم نەماوە
هێزی تێدا نییە ئەژنۆم

ڕۆژ لە دوای ڕۆژ
چاو تینی خۆی لە دەست ئەیات
گوێم لە نرکە و ناڵەی ڕوحە
بۆ کێشانی وەنەوز ئەیات

Scanned with CamScanner

کوانێ کلوی بەفری جاران
کە بۆ یاری هەموو سەری سپی کردم
کوا تنۆکی نەرمی باران
ئەبوو بە فرمێسکی خۆشی و
هەموو گیانی تەڕ ئەکردم

ئای ڕۆحی پیر دە هەڵفڕە
ئەوەندە ئازارم مەیە بەم سەفەرە
نە دایە و بابە لێرەن و
نە کەسێکی کە لەگەڵتا هاو سەفەرە
تا ئەگەیتە شوێنی مەبەست
ڕێگای سەختت زۆر لەبەرە

ئەگەر تاڵی هاتە ڕێگەت بەڕێی بکە
بڵێ خاوەنەکەم لە ژیاندا زۆری نۆشی
پێویستم بە تاڵی نییە
لەبری من تۆ پێ بڵێ ، نەمدی خۆشی



Scanned with CamScanner

ڕۆحی ئازیز

هەرچی داوا و سکاڵامە ئەوەتا لە سنگی تۆدا

بۆ هیچ کەسێک ڕانەوەستی

تا ئەگەیتە قاپی خودا

بڵێ هێناومە هەنسکی پیرە لاوێ

هەرچی ڕاستی هەیە بیڵێ درۆی ناوێ

بڵێ خودا

ئەم پیرە لاوە ماندووە چەندجار ئازاری دراوە

بەناوی خۆشەویستیەوە ڕۆحی بریندار کراوە

ئای خودایە تازە ڕزیم لەژێر گڵدا هیچم ناوێ

تەنها داوام لە تۆی مەزن هەر ئەوەیە

جێگایەکی ئارام بۆ ڕۆح لای خۆت دانێ

Scanned with CamScanner

## کێوی غیرە

ڕقم لە ڕووناکی مانگە
پێی بڵێ شەو ماچت نەکا
لەو ڕۆژەوەی پێت وتووم مانگم
خۆش ئەوێ
دڵی من غیرەی لێ ئەکا ،
غیرە لە مانگ
غیرە لە شووشەی پەنجەرە
غیرە لە بووکە شوشەکەت
کە دایمە بە دەستەوەیە
غیرە لەو خاڵە ڕەشەی
کە بە لا ملتەوەیە ،
غیرە لە ناسکی ئەکەم
کە خۆی لە تۆ ئاڵاندووە
غیرە لە فڵچەی ئارایشت
کە پێستی تۆی ڕوشاندووە ،

Scanned with CamScanner

غیرە لەو جلانەش ئەکەم
کە بۆ خەوتن لەبەری ئەکەی
غیرە لەو سەرینەش ئەکەم
کە شەوان دەست لە ملی ئەکەی ،
ئەم هەموو کێوی غیرەیە
چۆن لە خۆما بڕوخێنم ؟
چۆن بتوانم ئارام بم و
ئەم دڵە شێتەی ناو سینەم
بێ دەنگی تۆ بخەوێنم ؟

Scanned with CamScanner

## بێوەفایی پیاو

قەت کەسێکت خۆش ویستووە و
وا هەست بکەی ئەویش وەک تۆ
چاوەڕێتە ؟

وا هەست بکەی ئەویش وەک تۆ
ژینی لەبەر چاو کەوتووە و چاو لەڕێتە ؟

قەت کەسێک لە ناو دڵتا بوونی هەبووە
وابزانی تۆش لەلای ئەو زۆر پیرۆزی ؟

قەت کەسێکت خۆش ویستووە و
چاوت بۆی بوبێت بە دەریا و
ئەویش هەر هیچ پێی نەزانێ ؟

قەت کوڕێکی قسە خۆشی گەنم ڕەنگی
دڵی هەلا هەلا کردوی ؟

Scanned with CamScanner

ئەی تۆ کاکۆ ؟ کچێکی دەنگ ناسکی جوان
خەو و خۆراکی لێ بردووی ؟

کچی جوانی ناو خەونەکان
جوانی خۆتت لە پێناو بێوەفایی پیاوێکدا داناوە ؟
ئەگەر ڕۆژێک دەنگی نەبوبێت
ئێخەی گریانت بەرداوە ؟

بیرت لەوە کردۆتەوە چۆن خواردێک دوو کەرت
بکەی لەگەڵیدا ؟
یان چۆن شەوان بەڕێ بکەی لە سەر سنگ و لەژێر
مل و باخەڵیدا ؟

هەرگیز بەبیرتا هاتووە ڕۆژێک بێت ئەو جێت
بهێڵێ ؟
هەرچی خەون و خەیاڵی ناو دڵتە بیڕوخێنێ ؟



Scanned with CamScanner

ئەی کە ئێستا لە لت نییە ، بیری ناکەی ؟
کە سەرمای بوو هەست بە ساردی دەستی ناکەی
؟

قسەی خۆش و پێکەنین و نوکتەکانی ، لە ناو
مێشکدا هەر ماوە ؟
شێوەی ڕوخسار و باڵاکەی لەبەر چاوت نەگۆڕاوە
؟

ئەوەندە خۆشت ویستووە ؟ کە ئێستا لە بێ
ئەویدا هێزی هاتنە دەنگت نەبێ ؟
ئەوەندە شێت و شەیدای بووی ؟ لە دووریدا بۆ
هیچ شتێک توانات نەبێ ؟

Scanned with CamScanner

کچی جوانی ناو خەونەکان ؟

دنیایەک لاوی خوێن گەرم ، لاوی جوانی زمان نەرم

خەون بە تۆوە ئەبینن

تۆ بەس یەک نیگایان بکەی ، هەتا ماون لە چاوانت ڕائەمێنن ،

چیت لە پیاوی دڵ ڕەق داوە ؟

کە هەستەکانی ناو دڵتی بە تەواوەتی تێک داوە

خۆ لەم گەردونە گەورەیە بە تەنیا ئەو دڵبەر نییە

خۆشەویستی ئەم دنیایە هەمووی لەلای پیاوێک نییە ،

Scanned with CamScanner

دەڵێی گەڕێ کیژێ

با بڕوات هەر خۆی بەخۆی بێ

خوا هەقی تۆی لێ وەرگرێ ،

منیش دوعا بۆ تۆ ئەکەم

ئەو پیاوە دڵ ڕەقەی دڵت ، لە مافی تۆ

لەبەرامبەر شکاند و گریاندنی دڵێ

لەو دنیاش ، لەبەردەم یەزدان

یەک ووشەی بۆ ووتن نەبێ

لەو بەهەشتە بەرینەی باسی ئەکەن

بستێ جێگە بۆ ئەو نەبێ

Scanned with CamScanner

# بیرتە ؟

بیرتە وتم هەر پێت ئەگەم ؟
بیرتە وتم ڕۆحمت بۆ ئەکەم بە ڕێگا
لەبەر پێتا بۆت ڕائەخەم ؟
بیرتە وتم بۆ تۆ ئەژیم ؟
بیرتە وتم گەر تۆم هەبێت قەت ناگریم ؟
خۆ ئەو ڕۆژەت لە بیرماوە
بڕیارمدا بۆ جوانیت ببم بە شاعیر
بیرتە وتم نینۆکەکانت زۆر جوانە ؟
بیرتە وتم شووم پێبکە هەر لە یەکەم ژووانا ؟
دڵنیام زۆر باش بیرت دێ کە پێم وتی
هەموو دنیا ئەکەم بە شاهیدی ئەم ئەڤینە
مەڵێن گەیشتنی دوو عاشق بۆ لای یەکتر
بەس خەیاڵی ناو کتێب و خەو بینینە
من پێت گەیشتم
ڕۆحم بۆ کردی بە ڕێگا و
دڵم بۆ کردی بە جێگا

Scanned with CamScanner

بۆ تۆ ژیام قەت نەگریام
ئەوەتا بۆ نووسینەوەت بوم بە شاعیر
پێکەنین و دەنگ و جوانیت
ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئەمکات داگیر
بەڵێنەکانی ژووانم هەموو بۆ کردی بە ڕاستی
بەڵێن بە وەفای تۆ ئەیەم وەفادار بم لە ئاستی
وا هەموو دنیاش شایەتن چەند عاشقتم
بە بوونی تۆ بۆ تەمەنم چەند بە بەختم
گەیشتنی دوو عاشق بە یەک
نە ئەستەمەو و نە خەیاڵی شاعیرانە
بێزار مەبن کەمێک دووری و
تۆزێک وەفا و کۆڵنەدانە

Scanned with CamScanner

# ئاسمانی دڵ

بڕیارێکە و نایگێڕمەوە

ئەمشەو لەباڵ ئەیەم بۆلت

من چیبکەم دڵم وای ئەوێ

بئاڵێم لە قەد و باڵت ،

بەس ئەترسم لێم تێکبچێ

لەگەڵ مانگ جیات نەکەمەوە

ئەو بە ئاسمانی گەردوون و

تۆش بە ئاسمانی دڵمەوە

Scanned with CamScanner

# چی بکەم بێ تۆ ؟

چی بکەم بێ تۆ ؟

بۆن و نیگا و دەستەکانت
شەوان برین ئەکولێننەوە
دەنگ و وێنە و نامەکانت
یادگاریم بەبیر دێننەوە

چی بکەم بێ تۆ ؟

جێ ژوان لەگەڵ قاوەی تاڵ
ئەوسا لە لام چەند شیرین بوون
گفتی مناڵ ، بەڵێنی دروستکردنی ماڵ
ئومێدێکی چەند ڕەنگین بوون

Scanned with CamScanner

چی بکەم بێ تۆ ؟

ئێستا شەوان چۆن ئەخەوی ؟
کێ شیعرێکم بە گوێچکەتا ئەچرپێنێ ؟
بەو ڕادەیە کوا بێ هەست بووی
ناکرێ دەنگم تەزوو بە گیانتا نەهێنێ

چی بکەم بێ تۆ ؟

پیاسە و ڕێگاکانی جاران
هەموو داوای تۆم لێ ئەکەن
چۆلەکەکان بە چرپەوە ئەجریوێنن
باسی تەنیایی من ئەکەن

Scanned with CamScanner

چی بکەم بێ تۆ ؟

نە شەوێکە و نە دوو نە سێ
بارانی چاو نابڕێتەوە
ئەوەندە خەمت داوەمەتێ
هێواش هێواش وا جەرگیشم ئەتوێتەوە

چی بکەم بێ تۆ ؟

باوەڕ ناکەی گوێم لێبگرە
دەنگی جارانم نەماوە
دەنگەژێکانم وا پیربوون
تۆنی ڕێکیان تیا نەماوە

Scanned with CamScanner

چی بکەم بێ تۆ ؟

ئەم پرسیارە وا سەرم ئەخوا
چی بکەم بێ تۆ ؟
وا عەقڵ و هەست لە دەست ئەیەم
هەموو شتێک بووە بە تۆ ، بووە بە تۆ

چی بکەم بێ تۆ ؟

Scanned with CamScanner

ده تۆش جارێک بەڵێن بدە

بەڵێن ئەیەم
هەموو شەوێک بتنووسمەوە
هەر شەوەی بە شیعریکی نوێ
بەژن و باڵات بهۆنمەوە

بەڵێن ئەیەم
بیر لە خەفەت نەکەیتەوە
خۆشیەکانت بۆ ڕیز ئەکەم
وەکو سوراو یەک یەک تاقی بکەیتەوە

بەڵێن ئەیەم
ئازارێکت بەر نەکەوێ
دایمە داوا لە خوا ئەکەم
قەزای جوانیت لە من کەوێ

Scanned with CamScanner

بەڵێن ئەیەم
لێوت هەرگیز وشک نەبێ
بە خوێنی من سوری بکە
با ئەو شانازییەم بەرکەوێ

بەڵێن ئەیەم
یەک فرمێسکی خۆت نەبینی
خۆشییەکانت بۆ دیل ئەکەم
قەت ناهێڵم خەوی ناخۆشیش ببینی

دە تۆش جارێک بەڵێن بدە
گریانم لەبیر بەیتەوە
دە تۆش جارێک بەڵێن بدە
ئەم دورییە ببڕیتەوە

Scanned with CamScanner

دە تۆش جارێک بەڵێن بدە
بە دەنگی من بێزار نەبیت
هەزار بەڵێنیکەم هەیە بۆت بنووسم
هەڵبەت ئەگەر تۆ ڕازی بیت

Scanned with CamScanner

# تۆ خۆت دڵی کەچی بۆ دڵیش برینی

هەرچی ئەڵێم کەس تێناگا
کەس باوەڕ بە حاڵم ناکا
سەرم لە پێنووس تێکداوە
ئێستا ئەویش بە قسەم ناکا

لە دێڕێکا لە خوا ئەپاڕێمەوە
کە تۆم لە بیر بەرێتەوە
دێڕی دواتر ئەڵێم نەکەی
من بەبێ ئەو ئەتلێمەوە

ئازیزەکەم تۆ خۆت دڵی
کەچی بۆ دڵیش برینی
تۆ خۆت چاوی ، تۆ بینینی
کەچی بۆ چاویش ئەسرینی

Scanned with CamScanner

تۆ خۆت گوڵ و هەنگەکەشی

تۆ هەنگوین و ژەهرەکەشی

خۆت بەڵێن و بێ بەڵێنی

تۆ ساماڵ و هەورەکەشی

بەجێ ماوم لە ژورێکا

گریان پیشە و کاری نوێمە

تۆ لەوسەری دڵخۆشیت و

منیش مەرگ چاوەڕێمە

Scanned with CamScanner

## مردن

هەر کە شەو دێت

هەستی دوریت

خەو ئەزڕێنێ لە چاوانم

دەنگی تۆیە

لە گوێچکەمدا شەپۆل ئەدا

ئازیزی ناو خەمەکانم

خۆ نەترسای لەو ژێر گڵە ؟

بۆچی دەنگت لێوە نایەت

ئەڵێی ئەوێت زۆر بە دڵە

گلەی بێت تۆ پێت وتم تەنیات ناکەم

مژدانەی چییان پێ دابووی وا جێتهێشتم

تۆ خۆت وتت بەبێ پرس سەفەر ناکەم

چۆن باوەڕ بکەم جارێکیکە ناتبینمەوە
نەمزانیبوو ڕۆیشتنی ئەبەدی وایە
خوایە هاوار ئیتر دەنگی نابیستمەوە

کە بایەکی سارد هەڵ ئەکا
لە حەسرەتدا وەختە بمرم
کە باران بە خوڕ دا ئەکا
ئەڵێم خۆزگە لەبری ئەو من ئەمردم

ناوێرم بێمە سەر گۆڕت
ئەترسم ڕۆحم دەربچێ
ئێستا لە کوێی
خۆ تۆ بەڵێنت پێدابووم
لەو دنیاش منت بیر نەچێ

Scanned with CamScanner

•

کە ڕۆیشتی نە لێوێکت بۆ جوڵاندم

نە دەستێکی ماڵئاوایی

ماڵی مردنم بەقوڕ گرت

نە ژیانت هێندە خۆش بوو

نە کۆتایشت کۆتایی

Scanned with CamScanner

# برین

بیری کەسێکی ئازیزت
ژینی لێ کردووی بە خەیاڵ ؟
بیرکردنەوە لە بۆنەکەی
هەنگوینی لێ کردووی بە ژەهری تاڵ
؟
کە شەوان بیرئەکەیتەوە
سەیری وێنەکانی ئەکەی ؟
کە هیچ دەنگ و ڕەنگی نەبوو
لە ژووری تانیایی خۆتا هاوار ئەکەی ؟
دڵ ڕەقی ئەو
ئارامی لەبەر هەڵگرتووی ؟
ئەی دەنگە ئارامەکەی
جەرگی لەت لەتی بڕیووی ؟

Scanned with CamScanner

گەر لە حاڵی من ئەپرسی
زۆر بێحاڵم
ژینم هەمووی هەر خەیاڵە
هەنگوینی چی
لیکی دەمم ژەهری تاڵە ،
ئەوەنەش سەیری وێنەم کرد
ئێستا ئەو لە من ئەڕوانێ ،
هێندە هاوارم بۆ کردووی
ئەوەندە بانگم کردووی
ئێستا هیچ دەنگم دەر نایە ،
دڵ ڕەقییەکەت نەک بێ ئارام
بێزاری کردووم لە ژین
بیرکردنەوە لە دەنگی تۆ
نەک بەس جەرگم
ناو سکمی کردووە بە برین ،

Scanned with CamScanner

# قاوە

ئێستا قاوە لە جیاتی تۆ
ژوانم لەگەڵ ساز ئەکا
ئەوەندە بە یەکەوە بووین
زۆر باش لە خەمم تێ ئەگا

چەنێک تاڵە
وەفای زۆر لە تۆ زیاترە
قەت ناهێڵێ بەتەنیا بم
دڵی لە تۆ نەرمترە

ڕۆژێکیان لە قاوەخانە
من و قاوە دەستمان کرد بە گفتوگۆ
ئەو دڵی خۆی بۆ کردمەوە
منیش بێوەفایی تۆم بۆ باس کرد
بە بێ و درۆ

Scanned with CamScanner

گەر لە حاڵی من ئەپرسی

زۆر بێحاڵم

ژینم هەمووی هەر خەیاڵە

هەنگوینی چی

لیکی دەمم ژەهری تاڵە ،

ئەوەنەش سەیری وێنەم کرد

ئێستا ئەو لە من ئەڕوانێ ،

هێندە هاوارم بۆ کردووی

ئەوەندە بانگم کردووی

ئێستا هیچ دەنگم دەر نایە ،

دڵ ڕەقییەکەت نەک بێ ئارام

بێزاری کردووم لە ژین

بیرکردنەوە لە دەنگی تۆ

نەک بەس جەرگم

ناو سکمی کردووە بە برین ،

## قاوە

ئێستا قاوە لە جیاتی تۆ
ژوانم لەگەڵ ساز ئەکا
ئەوەندە بە یەکەوە بووین
زۆر باش لە خەمم تێ ئەگا

چەنێک تاڵە
وەفای زۆر لە تۆ زیاترە
قەت ناهێڵێ بەتەنیا بم
دڵی لە تۆ نەرمترە

ڕۆژێکیان لە قاوەخانە
من و قاوە دەستمان کرد بە گفتوگۆ
ئەو دڵی خۆی بۆ کردمەوە
منیش بێوەفایی تۆم بۆ باس کرد
بە بێ و درۆ

Scanned with CamScanner

ڕاستە ئەڵێن دنیا عەکسە

قاوە بەو هەموو تاڵییەوە

هێشتا دڵی ئەیامەوە

تۆش بەو هەموو شیرینیەوە

بەجێت هێشتم

ئاوڕت لێ نەیامەوە

Scanned with CamScanner

# ئەم و تۆ

ئازیزەکەم خودا سیحری چی پێداوی ؟
چ پیاو چاکێ لە بۆنی خۆی بەشی داوی؟
سەرنجت هەمووی بردووە بە لای خۆتا
لەگەڵ کام فریشتەی جوانی لەت کراوی ؟

بۆن و بەرامەی کام گوڵە لێت ئەبارێ ؟
باوەڕ ناکەم مانگ بە جوانی تۆی وێرابێ
شەونمی بەهاری کوێیە لەسەر گۆنات
لەجێی فرمێسک بە چاوانتا دێنە خوارێ ؟

ئەی دڵبەری چەشنی پەری ئەی زار شیرین
سەر ڕێگاکەم هەمووی تەمە بۆ یەکبینین
بەڵێن و قەولت پێ دابووم بێیتە ژوان
لە ناکاوێ دڵ و هەستت بۆچی گۆڕان

Scanned with CamScanner

# ئەم و تۆ

نەوزین سۆران

خۆشەویستم ئێستاش ئەو دارە ئاو ئەیەم
کە بڕیار بوو بۆ دیدارمان جێی ژوان بێت
بەبێ دەنگی هەر چاوەڕوانی ئەو ڕۆژەم
کە دەنگی پێی تۆی تێدا بێت

ئەگەر هاتی جلی گەرم لەبەر بکە
لێرە بەفر هەموو باڵی داپۆشیووم
لە ساردی نێوانمان ئەچێت ئەم زستانە
ئێستا بەفر ڕەنگی قژیشی گۆڕیوم

چیبکەم خەمی گیانی تۆمە
نەبا ناسکیت شەق بەرێ
نەکو خەندە لێت بتۆرێ
یەک ئازارت بۆ دەرنابڕم
خۆش بە حاڵم
ئەگەر لە دوریتا بمرم

Scanned with CamScanner

# نەفامیی دڵ

وتم بۆ دوریت ناگریم
لەمە بە دوا
ئەو هەموو یادگارییەی تۆ
وا سەرم ئەخوا ،
بەڵام دڵم زۆر نەفامە
هەر تۆی ئەوێ
خۆ ئەزانێ نایەیتەوە
کەچی بە حاڵ بیرت بکەم
ئەو لە سنگما هەڵەپەڕێ

Scanned with CamScanner

# ببە بە من منیش بە تۆ

ئەبمە پێنووس
بۆ نووسین لەسەر لاپەڕەت
ئەبمە میوانی ئەبەدی
دائەنیشم لەسەر بەڕەت

ئەبمە نیگارکێشێکی جوان
ئەتکێشم لە ناو ئاسمانا
مانگ ئەکەم بە برۆکانت
تاریکیش ئەکەم بە قژت بە شەوانە

ئەبمە ئاوێنە بۆ باڵت
هەموو ڕۆژێ سەیرت ئەکەم
ئەبم بە شاعیرێکی شێت
بەس بۆ جوانی تۆ ئەنووسم
هەتا وشەم لێ بباری وەسفت ئەکەم

Scanned with CamScanner

نەوژین سۆران

ئەبم بە ئامێری موزیک
تۆنی دەنگت دەرەهێنم
بۆ داهاتوو ئەینووسمەوە
بە میتۆدی خۆشەویستی ئەیناسێنم

بە هێواشی ئەبم با
خۆم ئەکێشم بە پەنجەرەی ژوورەکەتا
دزە ئەکەم بۆ ژوورەوە
بە هێمنی ئەخەوم لە ناو ئامێرتا

ئەبم بە سێو
بە قەپاڵێک کۆتایی بە ژیانم بێنە
ئەبمە بینایی بۆ چاوت
تۆ چاوت بەکار مەهێنە

Scanned with CamScanner

دە تۆش ببمە با چاوانم

خۆت ببینە

ببینە بوونت لەلای من

چەند شیرینە

دە تۆش بۆ من ببە بە زار

ناوی خۆت بێنە هەزار جار

بزانم هیچماندوو ئەبیت

دە تۆ یەکجار ببە بە من

لە مەبەستم حاڵی ئەبیت

دە تۆش وەرە

جارێک بچۆرە ناو دڵم

بزانە چۆن بۆت لێ ئەدا

دە جارێک وەرە جێگای من

وەرە دەنگی خۆت ببیستە

چۆن لە گوێما سەدا ئەدا

Scanned with CamScanner

ببە بە من منیش بە تۆ

با بچینە ناو یەکەوە

با ئەو یاسایە بشکێنین

با ئێمە وەک خەڵکی نەبین

لە دوورەوە یەک نەدوێنین

Scanned with CamScanner

# بەخێرهاتی

بەخێرهاتی ئازیزی دڵ بەخێرهاتی
بۆ ناو دڵ و بۆ ناو ڕۆحم بەخێرهاتی
سەردەمێکە چاوەڕێی ئەم ڕۆژە ئەکەم
تەمەنێکە بۆ خەوێک لە ناو ئامێزتا
من هەوڵ ئەدەم

بەخێرهاتی ئازیزی دڵ بەخێرهاتی
هاتنەکەت لە هەورێکی بێدەنگ ئەچێت
گوێ لە تکەی عەشقت بگرە
بەناو خوێنما چۆن ڕۆ ئەچێت
با تەمەنی نوحم هەبێت
کە تۆ نەبیت بەچی ئەچێت
بەخێرهاتی ئازیزی دڵ بەخێرهاتی

بەهاتنت ڕووناکی بۆ چاو دێتەوە
تەمەنم لەناو ژیاندا ئەڕوێتەوە
بەخێرهاتی ئازیزی دڵ بەخێرهاتی
لە خەونمدا ئەم هاتنەی تۆم بینیبوو
لەبەر پێتا بۆ پێشوازی هەرچی گەڵبوو وەریبوو
ئااااای لە ناز و شەرم و جوانیت
ئااااای لە سەختی ڕۆژانی زوو بۆ ژوانیت

ماڵێکت بۆ دروست ئەکەم
بەر دەرگاکەی هەمووی گوڵ بێت
ژیانێکت بۆ ساز ئەکەم
خەندە و شادی نموونەی بێت
بەخێرهاتی ئازیزی دڵ بەخێرهاتی
ئێستا دوعام بە تەنیا دڵخۆشی تۆیە
خوایە لە چاوی پیس دوور بیت
بەس تۆ باش بیت
هەرچی دڵخۆشی دنیایە
بۆ من هەر وەکو درۆیە
بەخێرهاتی ئازیزی دڵ بەخێرهاتی

Scanned with CamScanner

# خۆشت بوێم

خۆشت بوێم
وەکو ڕامان
بۆ خونچەیەکی نەکراوە
وەکو تریفەی مانگە شەو
کە لە پەنجەرە تۆراوە

خۆشت بوێم
وەکو هەستی بەجێ ماوت
لە ناو دڵما
وەکو گریان خۆشت بوێم
کە جێماوە لە گەروما

هێڵەکانی ناودەستت ئەڵێن
کە خۆشت ئەوێم
نیگاکانت هاوار ئەکەن
کە تامەزرۆی ناو ئەم دڵەی

Scanned with CamScanner

خۆشت بوێم
وەک دڵی تەنگ
وەک چاوێکی پڕ لە ئەسرین
وەکو نووستن خۆشت بوێم
بۆ خەو بینین

تۆ بەڕاستی خۆشت بوێم
وەک خۆشەویستی دار
بۆ بای شەماڵ
وەکو ڕێبوارێکی ماندوو
بۆ ژێر ڕەشماڵ

وک ئەو کیژە خۆشت بوێم
کە تامەزرۆی ئاوێنەیە
لە ناو چاوانت نوسراوە
وەفا لای تۆ بوونی هەیە

Scanned with CamScanner

خۆشت بوێم
وەکو هەور بۆ ئاسمانی
وەکو کۆرپە
بۆ گریانی

خۆشت بوێم
وەکو هەژار بۆ لەتێ نان
وەک پێشمەرگە
بۆ نیشتیمان

خۆشت بوێم
وەکو باران بۆ سەر زەوی
دە بباریێ
خۆ تۆ لە باران جوانتری



Scanned with CamScanner

خۆشت بوێم
وەک باڵندە بۆ سەر چڵی
خۆ تۆ دە هێندەی بولبولێ
لەبەر دڵی

خۆشت بوێم
وکو ئاوا بوونی هەتاو
بەس تۆ نەکەی قەت ئاوا بیت
جوانیت با دایم لێزمە بێت
بە چەشنی تاو

خۆشت بوێم
وەکو گەڵای زەرد بۆ بەهار
وەک چاوەڕوانی خۆشت بوێم
بۆ ساتی بینینی دڵدار

Scanned with CamScanner

خۆشت بوێم
وەکو بۆنی دار ئەرخەوان
وەک ئەو گوڵەی
دڵی لایەتی باخەوان

خۆشت بوێم
وەکو دڵنیایی بۆ بەڵێن
وەکو ئەو گۆرانی بێژەی
پڕ بە دەنگی هاوار ئەکات
خۆشت بوێم

خۆشت بوێم
وەکو تەرزە لە زستاندا
وەک بێدەنگی خۆشت بوێم
لە شەواندا

Scanned with CamScanner

خۆشت بوێم

وەکو وەرینی تاڵەکان لە ناو سەرم

خۆشت بوێم وکو پیری

هەموو ڕۆژێک پەیامێکی تازەی پێیە

بۆ ساڵەکانی تەمەنم

Scanned with CamScanner

# باخەوان

بەوە نییە کەوا ئێستا دووریت لە من
هەر دڵی من نیشتیمانتە
چەند دوور بڕۆیت باڵیش بگریت
ئاهی منە ناخۆشی ناو خەوەکانتە

من ئێستاش خۆشم ئەوێی
ئەزانم تۆش بۆ من وابووی
کێ خەرمانی گڕ تێ بەردای
قەدەر نەبوو تۆ خۆت گۆڕای

تۆ چەند ڕەق بیت بەرامبەرم
دڵێکی شێت ئەوەتانێ لە سینەتا
من تەمەنم دایە دەست تۆ
تۆ چۆن ماوی لە حەسرەتا

Scanned with CamScanner

نەمزانی خۆشەویستیت
ئەشێوێنێ شەوەکانم
من نەمزانی ئەوینی تۆ
هێز ناهێڵێت لە ناو گیانم

نەمزانیبوو بەم شێوەیە هۆگر ئەبم
چۆن دڵێت دێ بێ وەڵم بیت
بە پێوەری زمانی خۆت
ئەبێت ئێستا بێ ئارام بیت

شەرت بێت ئەو زارە داخ بکەم
لەمە بەدوا ناوت بێنێ
ئەو چاوەشم دەرئەهێنم
کە فرمێسکت بۆ ئەڕژێنێ

Scanned with CamScanner

تۆ تەنها دڵێکت هەبوو

بەڵام سەد کەس باخەوانی

ئێستا لە باخت خەزانە

چونکە قەدری ئەم بەخەوانەت

نەزانی

Scanned with CamScanner

# ڤالانتاین

نە گوڵێکی سورم هەیە
بۆت بهێنم وەکو دیاری
نە پێکەنینێکم هەیە
لەت جێبێڵم بە یادگاری ،
ئەوەی هەمە ، تۆزێک خەمە
لێم وەرگرە ، چیت لێ کەمە ،
داوای گوڵم چۆن لێ ئەکەی
من تەمەنم هەڵوەریوە
بۆ تەنها یەکجار بینینت
ئێسکی لەشم هەڵڕزیووە ،
ئەوەی هەمە
دڵێکی شەقار شەقارە
تۆبە ناکا زۆر بێ عارە
لە دوریتا وا لێ ئەدات
ئەڵێی مناڵێکی هارە ،
دانانیشێ ئۆقرەی نییە

Scanned with CamScanner

باوەڕ بکە جگە لە تۆ
دڵم خەمی دیکەی نییە
بوونت لەناو دڵی منا ئەبەدییە ،
گەنجان ئەڵێن ڕۆژێک هەیە
ڕۆژی خۆشەویستی ناوە
ناز و بازی زۆرت هەیە
هەر لە شتی باوت داوە ،
ڕۆژێک چییە
بۆ خۆشویستنی ناوی تۆ
چۆن بەڕۆژێک من بیپێوم
عەیار و سەنگ و عەشقی تۆ
لەوەتەی هەم
دانم بەم ڕۆژە نەناوە
لە سایەی تۆ ڤالانتاینیش
لای من وا بوو بە هۆنراوە

Scanned with CamScanner

# دڵی خەوتووم

چەن شەوە خەو
سەرێکی لێ نەداوم
چەن ڕۆژە خەم
وازی لێ نەهێناوم
بۆ بێدەنگی
شتێک بڵێ
وەکو شێتم

بۆ بێ ڕەنگی
دە دەرکەوە
چاومڕێتم

دڵ خەوتوە
بێ ئاگایە
کە تۆ ڕۆشتوی

Scanned with CamScanner



ئەو نازانێ
چاوی نییە
کە تۆ ون بووی

سەرێک نادەی ؟
نایەیتەوە ؟
بێ قەرارم

بێ تۆ قورسە
ژینم ناڕوا
بریندارم

Scanned with CamScanner

## جەژنی بوون

دڵمت ئەوێ ؟

هانێ بۆ تۆ

زمان ئەڵێی

بۆ تۆ نەبێ نایەتە گۆ ،

چاویشم باڵای تۆ نەبێ

هیچ نابینێ

ئەمڕۆ ڕۆژی بوونی تۆیە

دیاری چییە

من خۆم ئێستا بووم بە

هی تۆ

Scanned with CamScanner

# چاوەکانی - ١ -

هەموو ڕۆژێ لەسەر ڕێگات
ڕائەوەستم
هەستت کردووە ، بە بۆنت
چەندە مەستم ؟
هەستت کردووە ، چاوانت
خەریکە لە بنم دێنێ ؟
هەست بە لار و لەنجەت ئەکەی
وختە دڵم لە ڕیشەوە دەرەهێنێ ،
بە چاوت بڵێ وا نەکا
چی لەم ڕۆحە پیرە داوە ؟
ئەم تاڵە سپیانەی قژم
خەمی تۆیە لە ناو سەرمدا ڕواوە ،
هەتاکو کەی نایدرکێنی ؟
تا کەی هەر ئاوا بێدەنگی

Scanned with CamScanner

تا کەی وشە ئەخۆیتەوە و
بە چاوانت ئەمدوێنی ؟
شتێک بڵێ ئازیزەکەم
منیش وەکو تۆ عاشقم
گەر تۆش نایڵێی لە من گەڕێ
تاکەی ئەم شێتیە هەڵگرم

Scanned with CamScanner

## چاوەکانی - ٢ -

ماومیەکە خولیایەک ئێخەی پێ گرتووم
توشی خەم و ژان و
دەردەسەری دنیای کردووم ،
ماومیەکە
حەزم لە تاقی کردنەوەی ئازارە
حەزم لە خەمی بێ چارە ،
دنیام عەکس کردۆتەوە
قژی خاوم لەبیر چاوم بردۆتەوە ،
ماومیەکە هیچ حەز بە بینینت ناکەم
ئارەزوومە دڵی بێچارەم تەنیا کەم ،
زۆر هەوڵەیەم لە جیاتی خۆش ویستنت
ڕقم لێت بێ
هەر بەزۆر ئەمەوێ
دڵی بێ ئۆقرەم خۆی بگرێ ،
بەڵام کە تۆ ساڵانێکە
ئا لەم دڵە تەنگەدا دێیت و دەچی



Scanned with CamScanner

چۆن بتوانم لەبیرت کەم

چۆن بتوانم بتسڕمەوە

تۆ ئەو هەموو ئاشنیاییەت لەگەڵ

ڕۆحم پەیدا کردووە

ئەو قژە خاوەت چەندەها جار

لەبەر چاوم واڵا کردووە

چۆن بتوانم ڕقم لێت بێ ؟

ئەگەر بڵێم خۆشم ناوێی درۆ ئەکەم

ئەگەر تۆ توانیت ، بەڵێن ئەیەم

گڕی ئەو هەموو ماچەی نێوانمان

بە دەستی خۆم خامۆش ئەکەم

Scanned with CamScanner

# چاوەکانی - ٣ -

ئەم نووسینەی کە ئەیبینی
کە ئەیبیستی
لەگەڵ تۆمە
ئەم ئازارە بێ کۆتایەی
لە ناخمایە
ئەمسووتێنێ
خەمی تۆمە ،
ئەی بێ خەبەر
یەیت و ئەڕۆی بێ ئاگایی
دایپۆشیوی
نازانم خەونی چ شاسوارێ
هەردوو چاوانی تەنیوی ،
جوانیەکەی خۆت خەسار مەکە
لەگەڵ دڵی میهرەبانت درۆ مەکە ،
ئەزانم هەر منی ئەوێ

Scanned with CamScanner

له دووری من دڵی بچکۆلەت ناسرەوێ ،

گەر لەلای ئەو هاوسەرێ بی

لەلای من وەکو شاژنی ، جوانێ

گەر لەلای ئەو ناسکێ بی

لەلای من خەون و خەیاڵ و

تۆ لەلای من قاوەی تاڵ و

شاژنی ناو کۆشک و ماڵ و ،

تۆ لە لای من هەموو شتێکی جوانی

لە بێ دەنگیدا سترانی

لە بیابانا ئاوەدانیی

تۆ ئەوەندە میهرەبانی

لەوپەڕی ناخۆشی ژینا

تۆ خەفەت بەری دڵانی ،

بێجگە لە من بۆ عەشقی کەس

بڕیار مەدە

دڵ و هەست و بیرکردنەوەت

ئیتر بە لاڕێدا مەبە

Scanned with CamScanner

# چاوەکانی -٤-

ئازارێک لە ناو دڵمایە
جار جار خەبەرم ئەکاتەوە
لە شەوی درێژی زستانا
یەت و بێدارم ئەکاتەوە
باشە خۆ تۆ پێت ئەوتم
هەستی دڵ هەمووی درۆیە،
ئەی پێم ناڵێی ئازیزەکەم
ئەم تەزووە پڕ لە ئازارە
بۆ هەر ناوی تۆ ئەهێنێ ؟
خۆ تۆ باوەڕت پێی نەبوو
بۆ ناوی تۆ
بە دڵ و سینە و گوێچکەمدا
ئەچرپێنێ ؟

Scanned with CamScanner

نەوژین سۆران

## هەست

تۆ خۆت ئەوەندە دڵ ڕەقی
یاخود جەستەت لە بەرد ئەچێ ؟
زمانت هەر وا ناخۆشە
یان بەختی من لە ڕەش ئەچێ ؟
لەو کاتەوەی تۆم ناسیووە
نە نیگایەک
نە خەندەیەک
نە دوو ووشەی پڕ لە هەستت دەربڕیوە
شێت و شەیدای خۆت کردم و
عەشقت پێم ڕەوا نەدیووە ،
بەتەمای چیت دەست کەوێ لێم ؟
فرمێسک ئەڵێی
وەکو باران پێم بەخشیووی
خەفەت ئەڵێی
وەکو ملپێچ بۆم چنیوی
کەچی لە پای ئەم باشیەم
ئێستا بە تەنیا ماوم

Scanned with CamScanner

بە بیرکردنەوە لە تۆی جوان
زەلیل و خەمبار و داماوم ،
هەر کە گوێم لە ناوت ئەبێ
دڵم ئەلەرزێ
گەر لە شوێنێ باست بکەن
پشتم ئەشکێ ،
ئەم هەموو ناسکیەی تۆ
بەچی باس بکەم ؟
لە ناو چەند دێڕ شیعری ترا
وەسفت بکەم ؟
هەزار جار ووتومەتەوە
نە شیعر و نە پێناسە
ناتوانێ باسی تۆ بکا
بەڵام خەڵکی واز ناهێنن
هەر پێم ئەڵێن بۆی بنووسە
ڕۆژێک هەر دێ هەستێ بکا

Scanned with CamScanner

# دڵی ماندوو

بەهاری تەمەن و ژینم بەرەو ژوورە
پەلە مەکە دڵی ماندووم
زوو پیر مەبە ڕێگام دوورە ،

فرمێسکی زۆرم پێماوە بیبارێنم
جارێ یارم لەلا نییە
بە دڵی خۆم بیدوێنم ،

ئەم تاڵانەی لە سەرمدا ڕواون
هەستەکەم زۆر گۆڕاون
ڕەنگی جارانیان نەماوە
لە بەفر ئەچن ، لە ڕەنگی ڕەش تۆراون ،

پەنجەکانم هەڵ ئەلەرزن
نازانم خەتای زستانە وا بێهێزن ؟
یاخود تینوی دەستی یارن
یان پیر بوون و ماندووی دەستی ڕۆژگارن



Scanned with CamScanner

ڕۆحی ئازیز تۆ چیت ئەوێ
هەڵبەز و دابەزی چیتە ؟ کێشانتەوێ ؟
زۆر پەلەتە هەڵفڕی بەرەو ئاسمان ؟
پیری گەڕی لێ ئاڵاندووی ؟ بۆیە مەیلتە کەشکەڵان ؟

لێوەکانم نایەنە گۆ
بیری ماچی بن دارەکەی ئەوسا ئەکەن
تەمەن سەری لێ شێواندوون
هەر لە خۆوە ووشە پاش و پێش پێ ئەکەن

هەر کە مردم وەکو هەموو جارێ ئەڵێم
بە یار بڵێن کراسی گوڵ گوڵ لەبەر کا
ڕەش نەپۆشن
با ڕەنگی سور پرسەکەم ڕازاوە تر کا
قاوەی تاڵ بەن بە هاوڕێ دێرینەکانم
با بزانن وەکو تاڵی ئەو قاوەیە
سەخت بوو مان و ژیانم



Scanned with CamScanner

نووسینێک بۆت ئەنووسم
هەتا ئێستا نەنووسرابێ ،
باسکردنێک باست ئەکەم
لە پەرتوک و لە دیوانی
هیچ شاعیرێکی مەزندا
نەگوترابێ ،
نووسینەوەی جوتێ برۆ
باسکردنی دوو چاوی پڕ
لە گفتوگۆ ،
باڵایەکی بەرز و باریک
قژییێکی خاو
ڕەش و تاریک ،
لێوێکی ئاڵ
دەست و پەنجەی
وەکو شمشاڵ ،
لەنجەی نەرم

Scanned with CamScanner

ڕۆشتنێکی پڕ لە شەرم ،

دەنگی ناسک

پێکەنینێکی لەسەرخۆ

هەر کە شەو تاریک دادێ

مانگ بەو دەنگە دێنێتە گۆ ،

بۆنێکی مەست

کچێکی جوانی پڕ لە هەست ،

ئەوینێکی بێ کۆتایی

جوانییەکی بە دەست کێشراویی

خودایی ،

ئەمەش بەڵێنەکەی کە پێم دای

ئەو شیعرمیە کە چەند جارێ داوات کرد و

بۆی تۆرای

ئێستاش تێنەگەیشتم

لە دوای نووسینەوەی بۆچی وا لە خۆت

گۆڕای ؟

Scanned with CamScanner

## بەیانیت باش

ئازیزەکەی ناو دڵی لەت

بەیانیت باش

نازداری ناو ڕۆحی شەکەت ،

بەیانیت باش

شای دڵ ڕەقان

بەیانیت باش

ئەی بێ خەبەر

لە مەلیکی گشت هەستەکان ،

ئەمشەو کە ڕۆی

دڵم لێت بوو

بیر و خەیاڵ بێ دابڕان

لەگەڵتا بوو ،

هەتا بەیان هەر بە خەیاڵ

پێی ناسکی تۆم شێلاوە

دەستی نزام

بۆ خۆش بەختیت

Scanned with CamScanner

دانەناوە ،

دە تۆش هەستێ ، ڕەحمێ

لە ناو خۆتا بجوڵێنە

ئەم عاشقە دڵ پڕە بێچارەیە

تەنها یەک جار

بەیانی باشی لێ بکەو

بیدوێنە ،

بەیانیت باش

ئەمشەو هەتا بەیان

سەیرم کردووی

هەتاوەکو بەرە بەیان لە ناو دڵما

هەر بە چرپە ماچم کردووی ،

بەیانیت باش

شەقامەکان سڵاوت لێ ئەکەن

وا خەریکن ڕێم ئەگۆڕن

بەرەو لای تۆ بانگم ئەکەن ،



Scanned with CamScanner

بەیانیت باش

هەستە لە خەو

تەواو بووە تاریکی شەو ،

خۆری خەڵکی هەڵهاتووە

بەڵام ئێشتا خۆرەکەی من

هەر خەوتووە

Scanned with CamScanner

# لە ناو گۆڕا

بۆ جێتهێشتم وا بە زوویی لە ژیانا
تەنیات کردم لە گەردەلول و تۆفانا
خۆر هەتاوبێ دڵم هەر لە لای تۆیە
بارانیش بێ ڕۆحم پڕ ئازار و سۆیە
زۆر ئارەزوومە بپرسم ، گۆڕت چۆنە ؟
لەگەڵ فریشتەکانی خوا بەینت چۆنە ؟
لەگەڵ هەڵهاتنی خۆرا تا ئاوابوون
چاوەڕێی وەڵامێکی تۆم
لەگەڵ داهاتنی شەودا هەتا ڕۆژ بوون
من تامەزرۆی بینینی تۆم
ئارەزوومە تەنها شەوێ
پێتەوە بیبینم خەوێ
لە باوەشتا ڕۆژ بکەمەوە
هەرچی یادگاریمان هەیە
وەکو برین بیکولێنمەوە



Scanned with CamScanner

چی پرسیار لە دڵما هەیە لێتی بکەم

هەرچی خەمی دنیا هەیە لە باوەشتا

بە بای بکەم

یەکەم پرسیار کە چەند وەختە

تەواوی ژینمی تێک داوە

لێت ئەپرسم بۆ جێتهێشتم ؟

بۆچی تووشی ئەم خەمە سەختەت کردم ؟

ئەڵێی کێوە ،

ئەم خەمەی من ئەڵێی چیای بەستەڵەکە

ناتوێتەوە ،

ئازاری ئەم دوورییەی تۆ لە سینەمدا

نابڕێتەوە ،

ئازیزەکەم لەو دنیا لەبەردەم خودا

یەکەم کەسم چاوەڕێتم

بەبێ هێزی بێ ئۆقرەیی بۆ دیدارت

لە دوورەوە چاو لە ڕێتم ،

Scanned with CamScanner

خودای مەزن مەیکە بە کوفر لەسەرم

من یەک داوام لە تۆ هەیە

تەواوی بکە دابڕان

زوو بمبەرەوە بۆ لای خۆت

هەرچی ئازیزم هەیە

وان لەلای تۆ لە کەشکەڵان

Scanned with CamScanner

## بیرت ئەکەم

ئەی ئەستێرەی شەوی تارم
ئەی بەهارم
ئەی خەیاڵ و لالەزارم
بیرەوەری میهرەبانم
بیرت ئەکەم ،
بیری خەندە و بیری دەنگی ناسکی
پێکەنینت ئەکەم ،
بیری شەوانی زستان و
بیری گەرمی دەستەکانت و
بیری وەنەوزی خەو ئەکەم ,
بیری ئەو دەمانە ئەکەم
پێت ئەوتم بمخەوێنە لەسەر سنگت ،
پێت ئەوتم زۆر سەرمامە
دامبپۆشە بە قۆڵ و مەچەک و باسکت
ئاااای داخی من , ئازیزی من

Scanned with CamScanner

نەمزانی هەمووی خەیاڵن

هەر هەمووی خەوی بەتاڵن ،

ئێستاش هەر بەو خەیاڵەوە خەو ئەبینم

هەموو شەوێک بەر لە خەوتن

چیرۆکێکت بۆ ئەخوێنم

Scanned with CamScanner

# چۆنی بێ من

چۆنی بێ من ؟
بیری بیرکردنم ناکەی ؟
هیچ چاوەڕێی نامە ناکەی ؟
بیری زەنگ و
بیری دەنگی ناو تەلەفۆنەکەت ناکەی ؟
بیری خەوی ژێر پێخەفی سارد و
بیری گەرمی دەستم ناکەی ؟
بیری ماچی نان خواردن و
بیری دیاریەکانی زیرەکی و تەمەڵیت ناکەی ؟
بیری هێدفۆنە پیرەکەت ناکەی ؟
دەمێکە بێناز کەوتووە
جارێکیکە ئارەزووی بیستنم ناکەی ؟
بیری خەوی سەر سنگ و
بیری بۆنی لا مل ناکەی ؟
ئەی بیری تەم و مژ و

شەڕە تۆپەڵەکەی ناو بەفرەکەی

گۆیژە ناکەی ؟

بیری داهاتوومان ناکەی ؟

کە هەموو شەوێک باسمان بوو

بیری یەکەم مناڵ ناکەی ؟

کە بەخەیاڵ ئاواتمان بوو

بێ من چۆنی ؟

کەسێک هەیە هەموو شەوێک

بە ئارامی بتخەوێنێ ؟

کەسێک هەیە بەر لە خەوتن وەکو باوک

بۆ تۆی مناڵ خۆی بنوێنێ ؟

باشبە یاری خنجیلانە

عەشقی ڕاستی هەر وەهایە

ئەنجامەکەی دابڕانە



Scanned with CamScanner

# بێ کۆتایی

زۆر هەوڵیاندا
هەرچی کچانی شار هەیە
ویستیان جێی تۆ پڕ کەنەوە
ویستیان خەم و ژانی ئەم دڵەی من
کەم کەنەوە
بەڵام نەیانزانی کە تۆ
خەیاڵێکی هێندە جوانی
بێ کۆتایی و دابڕانی
ئەوسا بەس تۆ بە ئاوات بووی
کە گوێت لە دەنگی من ببێت
بەڵام ئێستا تەماشاکە
هەرچی لوی وڵت هەیە
هەرچی دڵی شکاو هەیە
دەنگی منیان لا پەسەندە
ئەوەی ڕۆژێ بۆ عاشقە دوورە دەستەکەی
گریابێ

ئەوەی بۆتەنها یەک چرکەش دڵی لە عەشق

تۆرابێ

داوای شعر لە من ئەکەن

بە مەلیکی گشت هەستەکان ناوم ئەبەن

دە لێگەڕێ ئازیزەکەم با بنووسم

ئەگەر من مەلیکی هەست بم

تۆ شاژنی تەخت و کۆشکی

ئەگەر دڵی عاشقێک خۆش بکەم

تۆ خۆش بەختی

Scanned with CamScanner

ئەمر تۆ

## قاوەخانە

ئەم دڵە غەمگینە شێتەم
لە یەکێک لە قاوەخانەکانی شار
بەجێ ماوە
چەند ساتێک بەر لە بینینت
داوای قاوەم کرد لە گارسۆن
کە تۆ هاتی قاوەی تاڵ
بوو بە هەنگوین و
دۆزەخ لە لەم بوو بە ژین و
باڵی بەرزت بە پەرژین و
بۆیە سورەکەی نینۆکت
وەک سوری جەرگی لەت لەتم
تاڵ بە تاڵی قژی خاوت
وەکو خاوی لێدانی دڵی شەکەتم
ئێستاش بێ تۆ
قاوەخانە وەک زیندانە
زۆر وێرانە ،
ئێستاش جار جار سەرێک ئەدەم

Scanned with CamScanner

# ساندرێلا

لەو ڕۆژەوەی تۆم ناسیووە

دڵم هەر ئەڵێی مناڵە

وازم لە دنیا هێناوە

خوم گرتووە بە نووسینی هۆنراوە ،

وشە دوای وشە ئەینووسم

باسی جوانی هاتن ڕۆشتننت ئەکەم

باسی ئەو پێکەنینانەی

تێکیداوە سەری خۆم و پێنووسەکەم

لە خۆری ئێواران ئەچی

بەهێواشی لە دورەوە ئاوا ئەبێ

کە ئەتبینم لەلای چەپی ناو سینەمدا

یەکسەر دڵم ڕائەچڵەکێ ،

لە مانگی شەوان ئەچی

لە ئەستێرەی کلکداری کشاوی ئەچی

ئەڵێی تاریکی ئاسمانی

یەک وشەت لێ سەوز نابێ



Scanned with CamScanner

تۆ لە گوڵاڵەی سور ئەچی

پۆشاکی ڕەش بۆ تۆ نابێ ،

ئەزانی تۆ لەچی ئەچی ؟

ئەڵێی هەوری بەهارانی

بارانێکی خوڕت پێیە و نایبارێنی

ئەڵێی چۆلەکەی سەر چڵی

یەک دنیا نەغمەی ڕەنگاوڕەنگ

لەناو گەروتا وەستاوە و ناجریوێنی ،

ئەزانی جوانی تۆ چۆنە ؟

ساندرێلا لسایی تۆ ئەکاتەوە

هەرچی بووکە شوشەی جوانە

بە سەیرکردنی تۆوە

شەوان خەو ئەیباتەوە ،

فریشتەکان هاتوون بۆ لت

ئەیانەوێ سەیرت بکەن

تێڕاماون ، حەپەساون

Scanned with CamScanner

له جوانی تۆ سەر دەرناکەن ،

ئەمەش هۆنراوەیەکی تر

هیوام وایە پڕ بەرت بێ

هیوام وایە ئەمەیانت بە دڵ بێ

خۆ من بەرگ دروو نیم

بیهێنیتەوە پێم بڵێی

تۆزێک کورتە بۆم نابێ

Scanned with CamScanner

# گوڵی خەیاڵ

تۆ قەت لە خەو ڕاچڵەکیوی ؟

دەرد و مەراقی دووری یار

خۆشی ژیانی تەنیوی ؟

ئەی قەت بووە لە ئاهەنگێ

دڵت پڕ بووبێ لە گریان ؟

قەت ڕوویداوە

فرمێسک بە چاوتا بێتە خوار

لەگەڵ بارانی زستان ؟

ئەی لە کاتی نان خواردنا

پارو لە بینت گیراوە ؟

بۆ بیرکردنی ئازیزت

دڵت لە سینەت تۆراوە ؟

لە بەر ساتێک بینینی ئەو

وازت لە ژیان هێناوە ؟

وەک هەمیشە

ڕاچڵەکین لە خەوی قوڵدا

پیشەی منە ،
لە جیاتی خۆشی لە ژیان
شین و ڕۆ ڕۆ بەشی منە ،
لە ئاهەنگا ، لەسەیرانا
پرسەم بۆ دووریت داناوە ،
هەموو دنیا پێی زانیوم
ئاو لە چاوانما نەماوە ،
نان و ئاوم بووە بە گریان
بیرکردنەوە لە چاوانت
ژینی لێکردوم بە ژان ،
دڵیشم قەت لە سینەمدا نەدیووە
هەرگیز لە لای خۆم نەبووە ،
ئیش و کاریشم نەماوە
ئێستا لەسەر کۆڵانەکەی ئێوە
هەر بە خەیاڵ
دوکانێکی گوڵ فرۆشتنم داناوە

Scanned with CamScanner

# چ ڕەوایە

چ ڕەوایە
چاوی ڕەش و
بۆنی نەرم و
پێستی گەرم دووربێ لە من
چ ڕەوایە
ترپەی دڵ و
تۆنی دەنگ و
جوانی شەرم دووربێ لە من
چ ڕەوایە
لە ناو لەپی دەستی چەپمدا نووسراوە
خاتوونێکی زۆر میهرەبان
زۆر شەرمن و
زۆر ناسک و
زۆر خانوو مان

Scanned with CamScanner

دەستی ڕاستیشم لە چەقدا لێی نووسراوە

چوار کچی جوان

من بابەم و

ئەو خاتوونەی دەستی چەپیشم

دایە گیان

Scanned with CamScanner

## وەرەوە

ئاخ چەندەها دۆڵ و دەشت و
چەندەها ڕێگا شایەتن
بۆ خۆشەویستی من و تۆ
من تێ ناگەم
ئازیزەکەم
خەتای منە یان خەتای تۆ
ئێستا تۆ لە من دووریت و
منیش شێتی پەنجەی ناسک
شێتی شەرم و
چاو و ئەبرۆ
دە وەرەوە کزەی جەرگم
زوو وەرەوە خەمی دڵم
من هەر عاشقەکەی جارانم
هەر گفت شیرینەکەی بەیانیانم
بەڵێ ئەوسا عاشقت بووم

Scanned with CamScanner

بەڵام ئێستا شێت و شەیدا
مەڵێن خۆ شێت خەمی نی یە
سوێنێک ئەخۆم ، قەسەم بە خوا
شێت ئەوندەی هەموو دنیا
خەمی مەعشوقەکەی ئەخوا

Scanned with CamScanner

## وەرزەوە - ١ -

ئاخ چەندەها دۆڵ و دەشت و
چەندەها ڕێگا شایەتن
بۆ خۆشەویستی من و تۆ
من تێ ناگەم
ئازیزەکەم
خەتای منە یان خەتای تۆ
ئێستا تۆ لە من دووریت و
منیش شێتی پەنجەی ناسک
شێتی شەرم و
چاو و ئەبرۆ
دە وەرەوە کزەی جەرگم
زوو وەرەوە خەمی دڵم
من هەر عاشقەکەی جارانم
هەر گفت شیرینەکەی بەیانیانم
بەڵێ ئەوسا عاشقت بووم

Scanned with CamScanner

## وەرەوە - ٢ -

داوام نەکرد سەرێک بدەی
داوام نەکرد کە بێیتەوە
چونکە تۆ هەر خاوەن ماڵ و
خاوەن تەخت و
شازادەکەی ناو ئەم دڵە بێ نازەی
لەبەر چاوی خەڵک تازەی ،
لە ناو ئەم دڵە پایزە تۆ بەهاری
تۆ زەنگی کاتژمێرەکەی بەیانیانی
وەلێ جیاوازی زۆر هەیە
ئەو دەنگی پیرەمێردێکی گڕی ماندوو
هەژدە ساڵە ئەڵێ هەستە
ئیتر بەسە نۆبەی تۆیە
دەستێک بێنە بە سینەمدا
دروست لای چەپ
ڕێک سەر دڵم
بڵێ هەستە خەون نییە
من لێرەم و

## خەمی دوری

ئەی شەدەلار
خەمی هەڵبڕان و دووری
ئارامی لە تۆش بڕیوە ؟
شەوان دڵۆپە فرمێسکی ناسک
سەر گۆناکانتی ڕنیوە ؟
قەت لە خەونیشا
مەرگی ناوادەی خۆتت دیوە ؟
لە خەوی خۆش ڕاچڵەکی بی و
بڵێی ، ئۆخەی خەوم دیوە ،
تۆ ئەوەندە میهرەبانیت
پشانی هەموو کەس داوە
دوو ئەوەندەش خەم و ژان و
دەردە سەریت لای من ماوە
هەتا دنیا دنیا بێ باسی بکەم
تەواو نابێ

Scanned with CamScanner

ئەم دڵە شێتەی ناو سینەم
دابین نابێ
خەمی هەڵکشانی تەمەن
خەمی بیرکردنەوە لە تۆ
هێواش هێواش پیریان کردم
زۆر بە هێمنی و لەسەرخۆ
وەکو بۆنی عەترەکەی تۆ
ڕەنگیان بردم

Scanned with CamScanner

## لە بیرت دێ ؟

لە بیرت دێ
بەیانیەک بەدەم خەوێکی قوڵەوە
بەدەم نازێکی لەسەرخۆ و
بە یەک دنیا فرمێسکەوە
تەلەفۆنێکت بۆکردم
وتت هەستە خەوم دیووە
لە خەونمدا تۆیان لە من دزیووە
ووتم خەونە ،
هەناسەکەم وام پێ ووتی من ئەو دەمە
زۆر بە باشی لەبیرم دێ
هیچ باوەڕم بە خەو نەبوو
بیرم هەر لای دزین نەبوو
بەڵام ئێستا هەموو بەیان
کە سەیری وێنەکانت ئەکەم
ئەڵێم کە تۆ لەلای خودا

Scanned with CamScanner

زۆر لە ڕادەی خۆت بەدەری
وا پیشانی داوی قەدەر
دە هەر داوا لە ئەو بکە
دوعا و داوات زوو گیرایە
با دەردمان بکات چارەسەر

Scanned with CamScanner

## لە بیرت دێ ؟ - ١ -

لە بیرت دێ
بەیانیەک بەدەم خەوێکی قوڵەوە
بەدەم نازێکی لەسەرخۆ و
بە یەک دنیا فرمێسکەوە
تەلەفۆنێکت بۆکردم
وتت هەستە خەوم دیووە
لە خەونمدا تۆیان لە من دزیووە
ووتم خەونە ،
هەناسەکەم وام پێ ووتی من ئەو دەمە
زۆر بە باشی لەبیرم دێ
هیچ باوەڕم بە خەو نەبوو
بیرم هەر لای دزین نەبوو
بەڵام ئێستا هەموو بەیان
کە سەیری وێنەکانت ئەکەم
ئەڵێم کە تۆ لەلای خودا



Scanned with CamScanner

# لە بیرت دێ ؟ – ٢ –

دیسان خەیاڵێکی شێت
وڕکی تۆی لێ گرتووم ئەمشەو
ئەو نازانێ کە تۆ دووری
زویر مەبە ئەو خەیاڵە وەک مناڵە
دووری و نزیکی نازانێ
باوەڕ بکە
چەند جاریش من پێم وتووە
ئەو خەوتووە
بەڵام هەمیشە وڕک ئەگرێ
ناهێڵێ خەوم لێ بکەوێ
بیرمە شەوێکیان پێی وتم
هەستە ئەویش بیرت ئەکا
بەڵام دوو دڵم لە خەیاڵ
وا هەست ئەکەم درۆ ئەکا

Scanned with CamScanner

## لە بیرت دێ ؟ _ ٢ _

دوریت دەرسێکی داداوم
بە هەزارانساڵی دیکەش ناسڕێتەوە
ژانێکی وای پیشان داوم
بە تەبیب و بە پزیشک نابڕێتەوە
دکتۆر گیان
ئاخر تۆ چوزانی من کوێم دێشێ؟
تۆ چوزانی ژان لە کوێیە ؟
تۆ کوا درک بەوە دەکەی
هەڵپەڕینی ئەم دڵە شێتەی ناو سینەم
بۆ کێیە ؟
تۆ دکتۆری دەرزی و دەوای
نەک دکتۆری شکانی دڵ
ئەگەر ڕاست ئەکەیت پێم بڵێ
کەی کۆتایی پێ دێت دووری
کەی کۆتای پێ دێت دونیا و
ئەچمە ژێر گڵ

Scanned with CamScanner

نەوژین سۆران

بەڵام داخەکەم گرانە

دڵێکی پڕ لە گریانە

دە من چی بکەم ئۆقرە ناگرێ ، دڵ

لە دووری ئەو چاوانە

ئاخ دکتۆر گیان تیمارم کە

چاری دەردی شەوانم کە

دەوای دڵی من یارێکە

دووری نێوانمان شارێکە

Scanned with CamScanner

## ئەم زستانە - ١

ئەم زستانە وا قەرارە

بەفر لە هیچ شوێنێکی نیشتیمان

نەیەتە خوار

خۆ من توانای ئەوەم نییە

بدوێم لەگەڵ پەروەردگار

هەستیشم هێند بەهێز نییە

پێش بینی وەرزەکان بکەم

بەڵام سەیری سەرم بکەن

بەم پایزە بەفری دنیای لێ باریوە

ئەمساڵ ئێوەش

ئەزمەر و گوێژە وێڵ بکەن

شەڕە تۆپەڵەکەی خۆتان

لەسەر تەپڵە سەرم بکەن

Scanned with CamScanner

## ئەم زستانە – ٢ –

ڕۆژێک پرسیارت لێ کردم وتت
بۆیەی نینۆک ئەگەر سور بێت
مانای چییە ؟
وتم ئەوە خۆش بەختیە
دڵ خۆشیە بۆ بوونی من ,
بزەیەکی شەرمنی جوانت کرد بۆم و
هیچت نەوت لە بەختی من ,
من هەر ئەوەندەم بیستبوو
لە قوتابخانە وا فێر بوو بووم
سور مانای ئەشقێکی بێ کۆتایە
ئای داخەکەم ئێستا زانیم
کە تەمەنم ڕۆی بەرەو سەر
خۆ مامۆستا پێی نەوتم
سور نیشانەی دڵێکی هەلا هەلایە
چۆن بزانم ئەو بۆیە سورەی نینۆکت
بۆ من دەردە , خەمە ,ژانە
وەک بەڵایە

Scanned with CamScanner

## تاڵـــی -١-

تەمەنێکە چاوەڕێتم
زەمەنێکە چاو لە ڕێتم
ئەزانم کە نایەیتەوە
لە لام روونە
بەڵام هەموو بەیان کە هەڵەستم
سەیری لای خۆرئاوا ئەکەم
وام بیستووە وا قەرارە
لە دوا ڕۆژی ئەم دنیایە
خۆر لە خۆرئاواوە هەڵبێ
هەموو ڕۆژێ ئەڵێم خوایە
دەی ئەمڕۆ با قیامەت بێ
بە پرتاو بێم بۆ ئەو دنیا و
جارێکی کە
چاوم بە چاوت بکەوێ

Scanned with CamScanner

# تاڵـــی - ٢ -

ئازیزەکەم دە پێم بڵێ
ئێستا بێ تۆ
چی لە شارێی سالم بکەم ؟
چۆن لە ڕووم بێت سەیری
شەقامەکانی شار بکەم ؟
سەردەمێ بوو بەیەکەوە
خۆمان ناساند بە هەموویان ،
بە سالم و بە مەولەوی و
بە پیرەمێرد و بە گۆران ،
ئاخر ئازیز
من بەڵێنم بەوان دابوو
کە بتبەمەوە بۆ لایان ،
ئێستا کە تۆ لە شار نیت و
منیش بەندم لە ژووری خۆم
تۆ بەبێ من دڵخۆشیت و
منیش بێ تۆ هەر خەریکی
شین و ڕۆڕۆم

Scanned with CamScanner

# تاڵـــی -٢-

سەردەمێک بوو
تۆ خولیام بووی
تۆ هەم دەرد و
هەم دەوام بووی ،
دوێنێ بە یادی ئەوساوە
چوومە ئەو قاوەخانەیەی
کە هەموو ئێوارەیەک خۆت داوای
قاوەت بۆ ئەکردم
پێت ئەوتم تۆ هێندەی من
شارەزای تاڵیی قاوە نیت ،
تۆ ڕاستت ووت !
کێ هەیە هێندەی تۆ
شارەزای تاڵیی و ژەهر بێ
کێ هەیە بەقەد حەزی تۆ

Scanned with CamScanner

ئارەزووی بە کوشتنم بێ ،

لەو ڕۆژەوەی کە تۆ ڕۆشتووی

هەرچی قاوەی دنیا هەیە تاقیم کردەوە

بەڵام داخەکەم ئازیزم

تامی تاڵیی ڕۆشتنی تۆم نەدۆزیەوە

Scanned with CamScanner

## هەور - ١ -

نامەوێت باران ببارێت

لەو دەمەوەی تۆم ناسیووە

ڕقم لە باران گرتووە ،

پێت ئەوتم بۆ وا ئەکات ئەم بارانە ؟

ئەڵێی بۆ شێواندنی جوانی من درووست بووە ،

ئاخر ئازیز

خۆ باران نەیزانی کە تۆ

ڕوخسارت هێندە ناسکە

خۆ ئەو درکی نەکرد بەوەی

ئاوێنەش لە جوانی تۆ بە شکە ،

پێت ئەوتم ئەو هەورانە بێدەنگ بکە

من ئەترسم لە تۆنی دەنگ و گرمەیان ،

من لە شەڕدا بووم لەگەڵیان

Scanned with CamScanner

ئەمووت بێدەنگ بن هەورەکان

مەیترسێنن یار ی نازدار و میهرەبان ،

ئاورم دایەوە رۆشتبووی

بە یەکجاری بەجێت هێشتم

هەی داد و بێداد ماڵ وێران ،

هەم تۆ ڕۆشتی و بەجێت هێشتم

هەم هەوریشم لە خۆم تۆران

Scanned with CamScanner

## هەور - ٢ -

هەموو شەوێک
کە سەر ئەخەمە سەر سەرین
شێوەت یەتە بەر چاوانم
باوەڕ بە چاوی خۆم ناکەم
تۆ بێیتە ژوری وێرانم ،
کە ئەمەوێت بتدوێنم
خێرا ڕووی خۆت وەرئەگێڕی
جارانم بە بیر دێتەوە
پێم ئەوتی خۆشت ئەوێم ؟
پێت ئەوتم بۆ ئەوەندە بە گومانی ؟
ئێستاش هەر وای
شەوانە هیچ نادرکێنی
هەناسەکەم
هەر ئەوگومانەی ئەوسایە
ناهێڵێ لە ژین سەرکەوم
هەر ئەو بێدەنگیەی تۆیە

Scanned with CamScanner

ناهێڵێ تاوێ بخەوم هەموو شەوێک
کە سەر ئەخەمە سەر سەرین
شێوەت یەتە بەر چاوانم
باوەڕ بە چاوی خۆم ناکەم
تۆ بێیتە ژوری وێرانم ،
کە ئەمەوێت بتدوێنم
خێرا ڕووی خۆت وەرئەگێڕی
جارانم بە بیر دێتەوە
پێم ئەوتی خۆشت ئەوێم ؟
پێت ئەوتم بۆ ئەوەندە بە گومانی ؟
ئێستاش هەر وای
شەوانە هیچ نادرکێنی
هەناسەکەم
هەر ئەوگومانەی ئەوسایە
ناهێڵێ لە ژین سەرکەوم
هەر ئەو بێدەنگیەی تۆیە
ناهێڵێ تاوێ بخەوم

Scanned with CamScanner

## بمدەنەوە

ئەو تەمەنەی لە دووری تۆ

بەسەرم برد بمدەنەوە

ئەمەوێت لەگەڵ تۆ بژیم

مێژووم ناوێ بێ بوونی تۆ

دڵم ناوێ لە دووری تۆ

چی لە ژووری تەنیا بکەم

چۆن لە دووری تۆ هەڵبکەم

وێنەکانت لە لام ماون

نە دڕاون نە سوتاون

هەمووی لە تاکی دۆڵبی

خەیاڵمدا هەڵگیراون

ئێستاش هەر کە بیرت ئەکەم

تاکی دۆڵب ئەکەمەوە

بۆنی قژی خاوتی لێ دێ

بۆنی دەستەکانتی لێ دێ



Scanned with CamScanner

باوەڕ بکە هەناسەکەم
ئەگەر سەیری وێنەش نەکەم
هێند مەزنی
هەمیشە لەبەر چاوم دای
لە ناو هزر و خەیاڵمدا
دێیت و دەچی ،
ئێستاش هەر بەیادی تۆوە
شەوان خەو ئەمباتەوە
بەیانیان بە خۆشەویستی تۆوە
خودا ڕوحم ئەداتەوە
بۆ ژین خەبەرم ئەکاتەوە

Scanned with CamScanner

## قژی خاو – ١ –

ئازیزەکەم
ئەم هەموو لاوە ئەپرسن
هەستی ناسکت لە کوێ بوو ؟
ئەڵێن سەنا و پیا هەڵدانی
ئەم کیژە ناسکە چی بوو ؟
تەواو نەبوو ؟ نەبڕایەوە ؟
بیرم لەوە کردۆتەوە
وێنەیەکت بە قژی خاو
بە لێوی ئاڵ
بەو هەموو ناسکیەتەوە
بە پۆستەیا
بنێرم بۆ هەرچی گەنجە
بزانم وەڵامیان چییە !



Scanned with CamScanner

زۆر دڵنیام

لە دوای ساتێک سەیرکردنی

چاوانت

یان شێت ئەبن

یاخود گیرۆدەی مەی ئەبن

یان وەکو من

بۆ هەمیشە شاعیر ئەبن

Scanned with CamScanner

## قژی خاو - ٢ -

دەردێک هەیە لە ناخمدا
دەردی دوری دەنگی تۆیە ،
ئازارێک لە جەرگمدایە
ئازاری بێ ڕەنگی تۆیە ،
زۆر دڵنیا بە ئازیزم
ڕۆژێک هەر دێ لە ناوبچم
بەم دەردە بێ تۆییە ،
ڕۆژێک هەر دێ تەواو ببم
بەم ئازارە بە ئەوینی
ئەم دڵە بێ قەرارە
دە لێم گەڕێ بڕۆ دەرێ
توانای لێدانی نەماوە
دڵ شکاوە ، دڵ تۆراوە
خەیاڵ لە جوانی ڕوخسارت
سەری لە هەست و لە عەقڵ و
لە ژیانیشم تێک داوە

Scanned with CamScanner

# بیرم مەکە

بیرم مەکە
لەمە بەدوا ئیتر هەرگیز
سەیرم مەکە
نە لە بازاڕ
نە لە قاوەخانەکانی شار
نە لە وێنە کۆنەکاندا
ئیتر بەدواما مەگەڕێ
بەڵێنی عەشق و ژوانمان
بەجێ هێشتنی تیا نەبوو
ئەزانم ئازیزەکەی من
پەرتوکی خۆشەویستیمان
ناوی بێوەفایی نەبوو ،
چەند ڕۆژێکە وا هەستەکەم

Scanned with CamScanner

تۆ ئەتەوێ بەجێم بێڵی

ئەم عەشقە جوانەی نێوانمان

بە خاکی دڵت بسپێری

ووتم با من پێشی کەوم

تۆ ئەوەندە میهرەبانی

ناوی بێوەفات لێ نایە ،

با لای خەڵکی ئەمجارەیان

من تاوانبار و دڵ ڕەق بم

من سەر شۆڕی خۆشەویستی و

بێوەفاکەی قوتابخانەی ژین و

مەم بم ،

Scanned with CamScanner

# گوڵی جوانی – ١ –

تۆ دەمێکە بوونت هەیە
عەیامێکە تۆ لە لامی
لە ناو دڵما هەڵمگرتووی ،
نەمهێشتووە کەس بزانێ
تۆ ئیلهام و تۆ خەیاڵ و
تۆ سەرچاوەی شیعرەکانی ،
زۆر کەس داوای ناوی کردووی
هەتا بتکات بە گۆرانی ،
ئازیزەکەم دڵنیابە
هەرگیز ناوم نەدرکاندوی
بەڵام هەموو کەس ئەزانێ
قژت خاوە
چاوت تیشکی خۆر هەتاوە
باڵای بەرزت وەک لاولاوە ،
زۆر ئەترسم
بەم وەسفانەم بتدۆزنەوە
برینی چەند ساڵەی کۆنم
بکولێننەوە

# گوڵی جوانی - ٢ -

تۆی ڕوخسار مانگ

تۆی پڕ جوانی ،

ئەڵێی خودا دانیشتووە

بە پێنووسی میهرەبانی

ناوی تۆی نووسیوەتەوە ،

ناوتی ناوە گوڵ ی جوانی

دوو باڵیشی پێ بەخشیوی

بۆ ئەوەی هەر کاتێ ویستت

بفڕی ئیتر نەیەیتەوە ،

منیشی کردووە بە شاعیر

بۆ ئەوەی تۆ بنووسمەوە

Scanned with CamScanner

## گوڵی جوانی - ٣ -

جوانترین گوڵی دنیا
بۆنی ناگات بە بۆنی تۆ
ڕەنگی هەرچی گوڵە باخە
ناگات بە سوری لێوی تۆ ،
ئەی جوانترین خەمی دڵم
من تێ ناگەم بە چ مافێک
ناوی گوڵیان لە تۆ ناوە ؟
من شایەتی ئەوە ئەدەم
تۆ جوانیت بەشی گوڵ داوە

Scanned with CamScanner

## گوڵی جوانی - ٤ -

لە سیحری خەیاڵ تێناگەم
هەتا ئێستا نە بینیومی
نە دەستم لە دەستت داوە
نە گوێشم لە دەنگت بووە ،
کەچی خەیاڵ
تەنها بە بینینی وێنە
هێند ئازیزی کردووی لە لام
باوەڕ ناکەم تۆ ڕاستی بی ،
تکایەک لە خەیاڵ ئەکەم
واز لە وێنەکانت بێنێ
شەوێک تۆ بکات بەڕاستی و
لەسەر سنگم بتخەوێنێ

Scanned with CamScanner

## گوڵدان - ١ -

خودایە تۆ لێم ببورە و
بە تاوانبار لێم مەڕوانە
تۆزێک وەرە گفتوگۆ
لەگەڵ ئەم عەبدە وێرانە ،
من کیژێکم خۆشئەوێت
بە کاری تۆ
بە گەورەیی و کرداری تۆ
هاتۆتە ناو ئەم ژیانە ،
خودایە تۆ بڕیار بدە
کارێک بکە جێم بێتەوە
لەناو دڵی بچکۆلانە ،
ئەگەر ناونیشانت ئەوێ
لە زاری من ،
ئەو شێوەی وەک شێوەی
گوڵە و ناوی گوڵە و
پێڵاوە بەرزەکانیشی
لە لای من وەکو گوڵدانە



Scanned with CamScanner

## گوڵدان ـ ٢ ـ

ئەمەوێ بزانم چۆنی
هەرگیز تاسەی چاوەڕوانی
دڵی لە ژیان تۆراندوی ؟
هەرگیز خۆشەویستی کەسێک
خەوی شەوانی زڕاندوی ؟
هەرگیز بووە
بە سەیرکردنی وێنە
ئاو لە چاوانتا نەمێنێ ؟
حەسرەتی بینینێکی
ئۆقرە لە گیانت بسێنێ ؟
ئەتەوێ بزانی چۆنم ؟
دڵم لە ژیان تۆراوە
شەو و ڕۆژ خەوم نەماوە
نەک فرمێسک
بەدیار وێنەکانتەوە
خوێن لە چاوانم تکاوە ،
بێ ئۆقرەمیش وای لێ کردووم
هێزی ژیانم نەماوە

Scanned with CamScanner

## گوڵدان - ٢ -

هەموو کات دڵم لە لاتە
سەرمات نەبێ ،
هەرگیز ئەوەندە خەم خۆر نیم
بۆ ژیان و بۆ جەستەی خۆم ،
بەڵام شەوان
هەتا خوا ڕۆژ ئەکاتەوە
لە ژوری بێ تۆییدا
هەتا خەو ئەمباتەوە
دەستم بەرز نزا ئەکەم
سەرمات نەبێ ،
لە یەزدانی تاک و تەنیا
داوا ئەکەم
خەوێکی ئارامت هەبێ

Scanned with CamScanner

## ئازارەکانی تۆ

خۆشەویستم تۆش وەکو من
بە ڕۆژ چاوەڕێی شەو ئەکەیت ؟
چاوەڕێی ئاوابوونی
تیشکی خۆر هەتاو ئەکەیت ؟
بەردەوام سەیری ئاسمانی ڕەنگ
شین ئەکەیت ؟
بزانی کەی تاریک دادێ و
چاوەڕێی مانگە شەو بکەیت ؟
ئەی کە شەو هات
چاوەڕێی تەلەفۆن ئەکەیت ؟
چاوەڕێی زەنگی
کەسێکی ئازیز ئەکەیت ؟
هەواڵی ئەمڕۆت بپرسێ
لێت بپرسێ
پێیە ناسکەکانت چۆنن
لە پێڵاوی پاژنە بەرزی ڕەق و تەقدا ،

لێت بپرسێ سەرت چۆنە ؟
لە گێژاو و دەنگە دەنگی
ژیانێکی بێ ڕەحمدا ،
ئەی چاوەڕێی لێت بپرسێ
ئەمڕۆ گەدەت هیچ ئازارێکی نەدیووە ؟
ئەو خواردنانەی ئەمڕۆ تامت کردوون
زمانی جوان و ناسکتی نەبڕیووە ؟
ئەمانە و هەزار خەمی تر
بە سەدەها پرسیاری ناسکی تر
مێشکی منیان ئاخنیووە ،
داوام لە خودا ئەوەیە
بەس تۆ باش بیت
ئیتر با وێران بێ دنیا ،
ڕۆژی سەد هەزار جار ئەڵێم
ئەو ئازارانەی تۆهەتە
هی من بوونایە بریا



Scanned with CamScanner

# ئازارەکانی تۆ

هەموو بەیان لەسەر ڕێگا
چاوەڕێتم
هەموو ڕۆژێ بۆ بینینت
وکو شێتم ،
وردیلانە دە دەرکەوە
با ببینم قژی لوولت
دە لێ گەڕێ
با دەرکەوێ ئاڵی لێوت ،
جوانێ ، وردیلانەی میهرەبانێ
ئارەزوومە باست بکەم
باسی زوڵفی لوولت بکەم ،
چەند جوان و ئاڵۆزکاوە
بە لا مل و بەسەر شانتا وا بڵاوە
لە دڵەوە داوا ئەکەم
قژی لوولت پەتی دوا هەناسەم بێ
بەژن و باڵا وردەکەت

Scanned with CamScanner

لەبری داری سێ دارمم بێ ،
بەس پێ بنێ بە جەرگمدا
پێیەکانت هێند ناسکن
جەرگ شێلانیان لێ نایە
دەست و پەنجەی ناسکی تۆ
بۆ دڵ دەرهێنان دەست نایا،
ئەمەوێ باسی تۆ بکەم
ناوی تۆ
بکەم بە ناونیشان و
بە سەردێڕی هۆنراوەکەم ،
بەڵام نابێ
با خەڵکی ناوت نەزانێ
بەس بڵێ ناوم بهێنە
با هەر لە ناو
ئەم دڵە شێتەی خۆما بێ



Scanned with CamScanner

## وەرز - ١ -

هەموو بەیان لەسەر ڕێگا
چاوەڕێتم
هەموو ڕۆژێ بۆ بینینت
وکو شێتم ،
وردیلانە دە دەرکەوە
با بیبینم قژی لوولت
دە لێ گەڕێ
با دەرکەوێ ئاڵی لێوت ،
جوانێ ، وردیلانەی میهرەبانێ
ئارەزوومە باست بکەم
باسی زوڵفی لوولت بکەم ،
چەند جوان و ئاڵۆزکاوە
بە لا مل و بەسەر شانتا وا بڵاوە
لە دڵەوە داوا ئەکەم
قژی لوولت پەتی دوا هەناسەم بێ
بەژن و باڵا وردەکەت



Scanned with CamScanner

لەبری داری سێ دارمم بێ ،

بەس پێ بنێ بە جەرگمدا

پێیەکانت هێند ناسکن

جەرگ شێلانیان لێ نایە

دەست و پەنجەی ناسکی تۆ

بۆ دڵ دەرهێنان دەست نایا،

ئەمەوێ باسی تۆ بکەم

ناوی تۆ

بکەم بە ناونیشان و

بە سەردێڕی هۆنراوەکەم ،

بەڵام نابێ

با خەڵکی ناوت نەزانێ

بەس بڵێ ناوم بهێنە

با هەر لە ناو

ئەم دڵە شێتەی خۆما بێ



Scanned with CamScanner

## وەرز - ٢ -

ڕەنگی هەرچی وەرزی ساڵە
تۆ ڕەنگین ترت کردووە
بۆنی نێرگزی بەهارت
بە بۆنی خۆت وون کردووە ،
چ سیحرێک لە چاوتدایە
وا من مەست و پەشێو حاڵم ؟
ناوەکەت هێندە شیرینە
لە هەر چوار وەرز بۆت دەناڵم ،
بڕیارێک لە دڵمدایە
درکاندنی لە لام قورسە
دەستم لە ژیان بەرداوە و
بە تەنیا وەرزی تۆم بەسە

Scanned with CamScanner

# شەرم

لە خەیاڵمدا هەر ماوی
ئێشتا لە ناو دڵی شکاومدا
نەڕاکاوی ،
ئێستاش لە وێنەکانت ئەچی
لە ناو ڕۆحی کێشراومدا
دێیت و دەچی ،
هەموو شەوێ بەر لە خەوتن
لە ناو ئەلبومی وێنەکان
چاو ئەگێڕم بۆ تۆی شەرمن ،
بە شەرمەوە لێوت جوڵاند
بەشەرمەوە خۆشەویستی ناو دڵی خۆت
بۆ من درکاند ،
بە شەرمەوە بیرت کردم
هەر بە شەرم دڵت بردم
بە شەرم کاولت کردم

هەر بە شەرمەوە ڕۆیشتی و
بەجێت هێشتم ،
خۆشەویستم
گەر لە حاڵی مێشک ئەپرسی
بەم ڕۆژگارە لە مێشکمدا
باسی شەرمەکەی تۆیە
هەواڵی ناو دڵمت ئەوێ؟
لە دڵمدا باس باسی ناسکی تۆیە ،
بەس تکایە هەناسەکەم
پرسیاری خەیاڵم مەکە
لەبەر ئەوەی هەتا ئێستا
لەلای تۆیە

Scanned with CamScanner

# جێگە پێت

مانگ لە شەوی تار تۆراوە
وتی سبەی هەر دێمەوە
شەونم بەڵێنی بە گوڵ دا
بەهارێ دەگەڕێمەوە ،
تۆ ڕۆشتی ڕەحمت نەکرد
شوێن پێکانیشت هەمووی برد ،
هەوای ئارەزوو لێی دابووی
وا دیار نەمای لە ناکاوێ
خۆ تۆبارانی بەهار نیت
خۆت ون بکەی تاو نا تاوێ ،
عیشق خۆراکی رۆحە
وەرە و برسێتیم بشکێنە
وەرە ئازیزەکەم وەرە
بەجێگە پێت بەر دەرگاکەم بنەخشێنە ،
ماڵی دڵم پێبەخشیبووی
سینەم بۆ کردی بە مەنزڵ
ئۆقرەت نەگرت تێکت شکاند
خۆزگە و ئاواتیش بۆ ژێر گڵ

Scanned with CamScanner

## ئەگەر ئەمجارە بێیتەوە

دە دەرکەوە هەتاکو کەی چاوەڕێ بم
بە تاسەوە ڕێگای هاتنەوەت ئەپێوم
ڕەوا نییە بێوەفایت بمخنکێنێ
بێدەنگی تۆ وا تەمەنم لێ ئەسێنێ
ئەمجارەیان باڵەکانت لێ ئەسێنم
خولیای فڕین لە ئارەزوت دەرئەهێنم

ئەگەر ئەمجارە بێیتەوە وات فێرئەکەم
جارێکیکە من نەدەیتە دەست ژان و خەم
لەگەڵ شەوی کش و ماتا ڕات ئەهێنم
بەبێ دەنگی بە گوێچکەتا ئەچرپێنم
جێگایەکت بۆ ڕائەخەم لە ئاوریشم
گەڵای دار ئەکەم بە پێخەف دات ئەپۆشم

Scanned with CamScanner

کێ ئەزانێ بەو جوانییەوە کە بێوفای
لە داگیرکردنی دڵدا زۆر شارەزای
بە هەور ئەڵێم لەگەڵ خۆیدا تۆم بۆ بێنێ
لەجێی باران با عەشقی تۆ ببارێنێ
خەونی هاتنەوەت ناهێڵێ تاوێ بنووم
خەتاباری لە عالەمێ کە من ونم

Scanned with CamScanner


# تۆ ئەم شیعرەی

زۆر ئەترسم ئەم بارانە
هەر نەبارێ
ئەم پایزە لە بەختی من
بێ هەور بێ
لەسەر بەڵێنی پەمەیی ناو نامەکەت
چاوەڕێی بارانێک ئەکەم
تۆی لەگەڵ بێ ،
بۆچی هاوڕێیەتی باران
ئەوەندە لەلات شیرینە ؟
ئەو هاوڕێی تەم و غوبار و
هەورە گرمە و ڕاچڵەکینە ،
تۆ هاوڕێی تەنیایی منی
هاوڕێگەی ئازارەکانمی

Scanned with CamScanner

تۆ ئازیزی ناو عەشقێکی پارچە سەدەی
تۆ گریانی شەوەکانی ،
تۆ ئازاری بێ برینی
تۆ لێدانی دڵێکی شەقار شەقاری
تۆ وشەیەکی ناسکی جێژوانی
دوو دڵداری ،
لەباران گەڕێ و خۆت وەرە
ئەبێ ئەو دوای تۆ بکەوێ
ئەو ئاوازێکی جێماوە
ئەو دوو نۆتەی بەجێماوی
ناو دەفتەرێکی دڕاوە
تۆش جوانترین شیعری لای من
ئیتر چیت لە هاوڕێیەتی باران داوە

Scanned with CamScanner



بێناونیشانەکان

لە تەنیایی و بێ تۆیدا
من هانام بۆ ئەو بردووە
لە ئازاری دووری تۆیە
ئەوم بە هاوڕێ گرتووە
دوێنێ وتی
نابێ ئیتر لەگەڵ قاوە دابنیشی
خەریکە جێم ئەگرێتەوە
کێ دیویەتی کوپێک قاوە
جێگەی کێوێک لە شیرینی پڕکاتەوە ؟

Scanned with CamScanner

# بێناونیشانەکان

ئەم خەمەی من
ئەبارێ وەک باران بە تاو
هەر خۆتم لێ بزر ئەکەی
وەکو مانگە شەو لە هەتاو
دڵ ڕەقی خۆت
وەکو تەرزە بەسەر سەرما ئەبارێنی
ئەم ڕەقییە لەگەڵ جوانیت نایەتەوە
تا خەمێکت کۆتایی دێت
خەمێکی نوێ بە گریانم ئەناسێنی

Scanned with CamScanner

## بێناونیشانەکان

نە ناوی لێ بنێن شیعر
نە پێناسەیەکی سارد و سڕ
جوانی تۆیە ئەینووسمەوە
ناسکی لەملی تۆیە
من بە وشە ئەیهۆنمەوە
هەموو شەوێک مەستی ئەکا
خەیاڵ و بیر و پێنووسم
ئەم جوانییەت
ئەیڕوشێنێ هەستی ناسکی تێنووسم
ئیتر هیچت بۆ نانووسم
بەرگەی یەک لەنجەی تر ناگرم
خەیاڵی ناسکی شیعرم ئەتوێتەوە
بەسەر بێ تۆیی و ئازاری شەوان و
بیرکردن و ژان و ئێشم

Scanned with CamScanner

## بێناونیشانەکان

ئەڵێن خەیاڵ هیچ ڕاست نییە

واز لە خەون و خەیاڵ بێنە

وەکو هەوری بێ بارانە

ڕاستی لە خۆت مەشێوێنە

ئەمشەو خەیاڵ تۆی بۆ هێنام

تون تون دەستمت گرتبوو

ئەگەر خەیاڵ درۆ بکات

بۆ بەیانی بۆچی بۆنی تۆم گرتبوو ؟

Scanned with CamScanner

هەموو شەوێ نامەیەکت بۆ ئەنووسم
ئەیدمم بە مانگ بیگەیەنێ
تۆ دڵ ڕەق و بێ وەڵامی
یان مانگ نامەکان ناهێنێ ؟



Scanned with CamScanner

# بێناونیشانەکان

ئەمەوێ دنیا سپیکەم
سپی وەکو جلەکانت
هەموو دنیا بە مرواری داپپۆشم من وام ئەوێ
وەک جوانی ددانەکانت
بە وشەی ساکار ئەنووسم
با بزانی لەگەڵ تۆمە
کەمەر باریک ، بەو جلە سپیانەتەوە
باڵت کت و مت وەک مۆمە
ئەم هەموو سپییە چۆن ئەبێ
لە کچێکا کۆبێتەوە
لەو خەیاڵە جوانە ئەچیت
کە شەوانە ناهێڵێ خەو بمباتەوە
یان تۆ وەرە
یان هەر ئێستا سەر هەڵەگرم
ملی ڕێگا ئەگرمەبەر
یان بە ڕاستی دڵتم بەرێ
یان لێگەڕێ بەخەیاڵ بتکەم بە شاژن
بتکەم بە تاج ، بتکەمە سەر

Scanned with CamScanner

## بێناونیشانەکان

ئەم عەشقەی تۆ
لە فنجانێ قاوە ئەچێت
هەرچەند تاڵ و جەرگ بڕ بێت
بەتام ترە
هەر چەند ڕەش و تاریکتر بێت
ڕەنگدار ترە
ئەوینی تۆ لە فرمێسکی خۆشی ئەچێت
هەرچەند سوێر بێت هەر شیرینە
کە خەندەیەکم بۆ ئەکەیت
بەڕاستیش بێت
لەلای من وەک خەو بینینە
خۆ ئەمکوژێ بە بێدەنگی چاوەکانت
دە خۆت وەرە
یان بە پرچت بمخنکێنە
یان بەو پەنجەو نینۆکانە
دڵم لە سینەم دەربێنە

Scanned with CamScanner

# بێناونیشانەکان

ئەمشەو زۆر گەڕام بۆ وشە
ویستم بۆنت بنووسمەوە
تۆ خۆت وشەی ، تۆ پێنووسی
وشەی چیت بۆ بدۆزمەوە

سەرت بنێ بە دڵمەوە
گوێت لە ئاوازی ترپە بێ
بە سادەیی بۆت ئەنووسم با تێبگەی
ڕۆحم قوربانی دڵت بێ

## بێناونیشانەکان

خەیاڵی چی بنووسمەوە

خۆ تۆ لە خەیاڵ بەدەری

چۆن لە دڵم دەرت بێنم

تۆ لێزانترین دڵبەری

با پەیمانێکی نوێ دانێین

بەس تۆ مەڕۆ و بمێنەوە

نەک بەس جارێک ڕۆژی سەد جار

لەبەردەمتا ئەتوێمەوە

Scanned with CamScanner

## بێناونیشانەکان

خۆ ئەتوانم لەمەبەدوا
ئیتر شیعرت بۆ نەنووسم
ئەتوانم ئیتر نەیکێشم
قژی خاوت بە پێنووسم
بەڵام من خەم بۆ خۆم ئەخۆم
مێژوو بۆ خۆم ئەنووسمەوە
تۆ چەند ڕەق و بێوەفا بیت
جوانتر لە پار ئەیهۆنمەوە

Scanned with CamScanner

## بێناونیشانەکان

شەوی دوێنێ لەگەڵ قاوە
بەڵێنمان تازە کردەوە
ئەو خۆی خۆشەویست تر نەکا و
منیش تۆ لەبیری خۆم بەرمەوە

Scanned with CamScanner

خۆشەویستیم گرنگ نییە
کێ بە هەستی من ئەزانێ
گرنگ نییە کێ ئەنووسێ و
کێ دەربڕین باش ئەزانێ

خەیاڵ و نووسین و شیعرم
باش ئەزانی کە بۆ تۆیە
وشەکانم ڕوح لەبەرن
تێفکرینی عەشقی تۆیە

لە ئاست ناسکی و جوانی تۆ
هیچ وشەیەک بەهای نییە
بۆ دەربڕینی عەشقەکەم
نە هەست و نە شیعرەکانم
کاری بە وشەی کەس نییە

Scanned with CamScanner

## بێناونیشانەکان

چی بە سەعاتەکەم بڵێم
تۆ بەڵێنت بە ئەو دابوو
کە بێیتەوە لەگەڵ تێپەڕینی کات
ئەمڕۆ سەعاتەکەم ووتی
ئازیزەکەت نایەتەوە
درۆ ئەکات

Scanned with CamScanner

## بێناونیشانەکان

لە دواجارا
لە خەونی ئەم عەشقەی تۆدا
ڕۆژێک خەبەرم ئەبێتەوە ،
لەبەرچاومە
هەرچی نازە کە پێت داوم
ڕۆژێک لێم ئەسەنیتەوە ،
خۆپەرستی
داوای ئەو پێکەنینەش ئەکەی
بە سۆزەوە کە پێت داوم
داوای ئەو هەناسانەی
لەگەڵ تۆدا
کە ڕۆچۆتە ناو هەناوم ،
داوای ئەو چیرۆکانە ئەکەی
لە جێژوانێ بۆت باس کردووم
داوای ئەو گۆرانیانەی
هەموو شەوێ کە بۆت وتووم
بێوەفا



Scanned with CamScanner

ئیتر خەیاڵ کۆتایی دێ
شەرتبێ ئیتر شوێنێک بۆ تۆ
لە ناو دڵما بوونی نەبێ ،
ئەگەر جارێک منت نەوێ
هەزاران جار بە نەفرەت بی
تەمەنی منت بە با دا
بڕۆ با هەر خۆت بە خۆت بی
گەردنت خۆش و ئازا بێ
باوەڕ ناکەم هیچ عاشقێ
بەچەشنی من وا دۆڕابێ
هیچ کەسێکیشم نەبینی
بەو جوانییەوە لە ناکاوێ
ئاوا لە خۆی گۆڕابێ

Scanned with CamScanner

## بێناونیشانەکان

هەرچی شاعیری شار هەیە

با بنووسن

ئەزانم هەر منت ئەوێ

هەرچی گۆرانیبێژ هەیە

با بیچڕن

ئەزانم دەنگی من نەبێ

تۆ ناتەوێ ،

هەرچی بکەن ناتوانن

هەستت پێ بکەن

هەرچی بڵێن ناتوانن

پێناسەت بکەن ،

کەس وەکو من ئاشنا نییە

بە بۆیەی سوری نینۆکت

کەس وەکو من

نازانێ پیاسەیەک بکات

لە ناو ڕۆح و

لەناو دڵی بچوکت

Scanned with CamScanner

## بێناونیشانەکان

ئەم هەموو نیگا وردانە
چین لە چاوانت ئەباریٚ
ئەو هەموو سۆزە نەرمانە
بۆ وا لە دەنگت دەئاڵیٚ ،
چیت لیٚ کردوم بیدرکێنە
مەستی چاوت واشێتم ئەکا
خۆ زمانی نییە بدویٚ
کەچی دایمە بانگم ئەکا ،
قژی ڕەشت لەبەختی من
ڕۆژ بە ڕۆژ ڕەش ئەچێتەوە
خۆ من دوژمنی لێوت نیم
بۆ ناومت بیر ئەچێتەوە ،
بەرگە ناگرم بەسە ئیتر
مەستم مەکە بەو چاوانە
چۆن لە خەڵکی بگەیەنم
هەست و سۆز و نیگاکانت
وەک خۆت جوان و میهرەبانە

Scanned with CamScanner

# بێناونیشانەکا

زۆر ئەترسم

لەبەرچاوم ببیت بە تەم

زۆر ئەترسم

خۆشییەکانت ببن بە خەم

زۆر ئەترسم

وەکو گەڵای دەم کزە با

ئەو هەموو عەشق و جوانییە

بایەك هەڵکا و هەمووی ببا

بمێنەوە

نەکەی ببیت بە خۆڵە مێش

نەکەی ببیت بە یادگاری

نەکەی ببیت بە پاڵەوانی ئەفسانەی

ناو پەرتوکێکی دڵداری

ببە بە ئاوی ساکاری کانی جێژوان

بۆ دیوانی ئەمجارەی شیعرەکانم

پێش لەشکربە و ببە بە دوو وشەی ڕەوان

## بێناونیشانەکان

ئازیزەکەم

دڵم بۆ پەلە پەل ئەکات ؟

بۆچی ئەم هەموو خەمە

لای من خۆی ڕەنگا و ڕەنگ ئەکات ؟

لەبەرچی هەناسەم توندە؟

پەلە مەکە هەناسەکەم

سەبر بڕۆ

پێڵاوە پاژنە بەرزەکەت

هێواش لەسەر زەوی دانێ ،

دڵی من خاکی ژێر پێتە

هێندە بە هێواشی وەرە

کە هاتی با پێت نەزانێ ،

بێ گومانم



Scanned with CamScanner

کاتێ هەناسەم توند ئەبێ
تۆ خەوی ناخۆشت دیووە ،
ئەڵێی پارچەیەک لە منی و
خودا تۆی بە من ڕەوا نەدیووە ،
بۆیە پەلە پەل هەمیشە
تەنگی بە دڵم چنیووە



Scanned with CamScanner

## بێناونیشانەکان

بیستم دوێنێ
هەواڵی منت پرسیوە
بەدەستی خۆت
فرمێسکی زۆرت سڕیوە
بۆ دووری من
سەر کوڵمەکانت ڕنیووە ،
ئەڵێن ئێستا زۆر گۆڕاوی
هەست بە خۆشەویستی ئەکەی
گەر دوو عاشق دوور بن لە یەک
تۆ لە جێی خۆت
لە قوڵپی گریان ئەیەی ،
ئەی ئەو عەسرەی
دڵی منت تیایا شکاند

Scanned with CamScanner

ئەی ئەو ڕۆژەی

هەرچی ڕەنگە لە خۆت تۆراند

بۆچی بیرت نەکردەوە ؟

کەسێک هەیە لە من زیاتر

تۆی خۆش بوێ ؟

کەسێکی دیکە شک ئەبەی

بەو هەموو دڵ ڕەقیەتەوە

لێت ببورێ و هەر تۆی بوێ ؟

Scanned with CamScanner

## بێناونیشانەکان

زۆر دڵنیام هەر دێیتەوە
ڕۆژێک وەکو جاری جاران
هەرچی گۆرانی کۆن هەیە
گوێی لێ ئەگرین لەبەر باران
من دڵنیام لە دڵی خۆم
ئێستاش دیلی دەستی تۆیە
بەس نازانم لە کۆتایی ئەم شەقامە
لە دوای ماڵئاوایی کردن
ڕێگاکەی تۆ ئەمجارەیان
بەرەو کوێیە

Scanned with CamScanner

## بێناونیشانەکان

ئەمشەو خەوم پێوە بینیت
لە ناسکی ناسکتر بوویت
ئەمشەو خەوم پێوە بینیت
لە جوانیدا نقوم بوبویت ،
کراسی سپی لە بەرتا
لا ملت ڕووت
قژت لە تیشکی خۆر ئەچوو
هاتبووە خوار بەسەر شانتا ،
ئەڵێن خەو پێچەوانەیە
گەر لە خەوا جوان بنوێنی
واتای وایە لە ڕاستیدا
بە خەمەوە دەناڵێنی
نیشانەی کفن و ناو گۆڕە
ئەگەر کراست سپی بێ
ناتوانی لە مردن ڕاکەی



Scanned with CamScanner

گەر خەوەکەت ئاواهی بێ ،

ئەم خەوە بەڕاست نەگەڕێ

خوایە قەزای لە من کەوێ

ئاگر و دۆزەخ جێگام بێ و

ئەم مەرگە بۆ من ڕێکەوێ

Scanned with CamScanner



## بێناونیشانەکان

خەمە جوانەکەی شەوانم

ئەی گریانە بێدەنگەکەم

لە دوای ئەو هەموو تاڵییە

ئەی یادگارە شیرینەکەم ،

عەشقەکەمان ئەڵێی خەو بوو

هەرچی مەیلە

ئێستا بە قاومم بەخشیووە

ژوانی ئەمجارەی ئێمە

بەس تۆی کەم بوو ،

هەرچی یادگاری کۆن هەیە

لەگەڵ قاوە بۆ یەکترمان گێڕایەوە

هەرچی لیپەڕەی ئازارە

بۆ یەکترمان هەڵدایەوە ،

Scanned with CamScanner

گفتوگۆیەکی ناتەواو

لە یەک وشەم حاڵی نەبوو

لەگەڵ قاوە دانیشتبووم

بەڵام خەیاڵ وەک پەپوولە

هەر دور ئەفڕی و

هەر لای تۆ بوو

Scanned with CamScanner

## سلێمانی

شاری شاران
شارە حەیاتەکەی بابان
سەر ئەزمەڕ و پیاسەیەکی بەر سەراکەت
دێنێ هەموو دنیای جوانی
لەخەو ئەچێ جوانی گۆیژە و دەباشانی ،
لە مەڵکەندی تا سەرچنار
مەجید بەگ تا هەواری شار ،
تووی مەلیکی دڵدارانت
مامە یارە و نەورۆزەکەی بەهارانت ،
لای فولکەکەی خاڵە حاجی
بەرزە گردی عەلی ناجی ،
گەڕەکی کۆنی عەقاری
هەمووی پڕن لە یادگاری ،
جارێک وەرە سەرێک بدە ئا لەم شارە
ئەزانی چەندە ئازیزە ،
ئەمانە هەمووی پێکەوە
لەگەڵ یەک دنیای تر جوانی
ناویان ناوە سلێمانی

# هەڵەبجە

بچمە سەر لوتکەی هەر شاخێک
هەڵەبجەم هەر لێوە دیارە
ئای هەڵەبجە قەت ون نابیت
برینت چەند بە ئازارە

هەر شاعیرە و بە باڵێندا
شیعر ئەنووسێ
گۆرانییێک ئەحاوە
بۆ برینت مەقام ئەڵێ

بەڵام تۆ ئەوەندە گەورەی
هێشتا بە کەمی ئەزانین
زامەکەت ئەوەندە قوڵە
هەرچی بڵێین و بنووسین
بە ئازاری تۆ نازانین

Scanned with CamScanner

هەموو ساڵێک
یەک دنیا ڕێگای دوور ئەبڕن
گوڵ بۆ سەر گۆڕتان ئەهێنن
هەموو ساڵێک پێنج هەزار ڕوح
هاوار ئەکەن گوڵمان ناوێ دە لێرە بن
بە تەنیا جێمان مەهێڵن

Scanned with CamScanner

# نیشتیمانم

نیشتیمانم
لە باکور هەتا باشورت
جێی خەنجەرە
لە ڕۆژهەڵت تا ڕۆژئاوات
زامی تەڕە ،
لەم مێز بۆ ئەو مێز ئەیگۆڕن
نەخشەی خاکم
هەتا ئاوا لەت لەتت کەن
چۆن بڵێم خاوەن وڵاتم ،
ڕۆژێ دڵت ئەڕەنجێنن
ڕۆژێ بەرۆکت ئەدڕێنن
ڕۆژێ ئاڵت ئەسوتێنن
هەرجارەی بە بیانویەک
خوێنی ڕۆڵەت ئەڕژێنن ،
قەزای زامت لە من کەوێ
کوردستانم
ئەجری دراوسێ گرانە
بەڵم ئەوان بێ ویژدانن

Scanned with CamScanner

## دیسان کوردە

لە ئاخیری ئەم زەمانە لەو دنیادا
لە ناو نور و پۆشاکی ئاڵ و واڵدا
باڵوێزی هەرچی وڵاتە ئامادەیە
شایەتی ئاشتی ئەدەن و
ئەڵێن لە نیشتیمانەکەی ئێمە
مافی مرۆڤ بوونی هەیە ،
لە ناو ڕیزا بۆ دیداری پەروەردگار
منداڵێکی بچکۆلانە ڕاوەستاوە
جڵ و بەرگی شڕ و شێواو
پانتۆڵەکەی لە هەزار لاوە دڕاوە
لە تەپڵی سەر هەتا بەر پای خوێن ئەچۆڕێت
هاوار ئەکات ئەمەوێت خودا ببینم
پڕ بە گەروی ئەقیژێنێت
تا دایە و بابە نەمردوون

با نەخشەی جەنگ لە نیشتیمانم بگۆڕێت

بچکۆلە کوڕ بۆ گەیاندنی پەیامی

هەناسەی لەبەر بڕاوە

لە هەڵپەی ژیانی دایکی

فرمێسک لە چاوەکانیا قەتیس ماوە

هەموو بە پێکەنینەوە وتیان

دیسان کوردە با بچێتە دواوی دواوە

Scanned with CamScanner

## بێناونیشانەکان

ئەو پێکەنینەی ئەیبینی
خاوەنەکەی
دڵێکی پڕ لە گریانە ،
ڕوحێکی ماندووی بێزارە
دایم چاوەڕێی
کێشانە

## بێناونیشانەکان

لە قاومم پرسی لە کوێیە ؟
ووتی من بەم تاڵییەی خۆم هەواڵی شیرین نازانم
ووتم ڕاستم لەگەڵ بڵێ
بۆ بینینی زۆر وێرانم



Scanned with CamScanner

## بێناونیشانەکان

شاعیر
قەت پیر نابێت
هەر کە مردیش
هەرچی هەست و
جوانی هەیە
لەگەڵ ڕۆحیدا
باڵ دەگرێت

## بێناونیشانەکان

من توند لە ئامێزت ئەگرم
دە تۆش ئەم بیری فڕینە لە ناو خەیاڵت دەربێنە

Scanned with CamScanner

# پێڕستی هۆنراوەکان

رابەری دڵشکاوەکان ........................ ٩
وەفای کچێک........................ ١٢
ئێستا چۆنی؟........................ ١٦
دیوانی ڕەش........................ ٢١
هەروەک خۆتی، تۆزێک کاڵتر........................ ٢٢
کچی سپی........................ ٢٤
تۆ بەس یەکجار بڵێ باش ١........................ ٢٥
تۆ بەس یەکجار بڵێ باش ٢........................ ٢٧
تۆ بەس یەکجار بڵێ باش ٣........................ ٢٨
تۆ بەس یەکجار بڵێ باش ٤........................ ٢٩
پیرەلاو........................ ٣١
کێوی غیرە........................ ٣٦
بێوەفایی پیاو........................ ٣٨
بیرتە؟........................ ٤٣
ئاسمانی دڵ........................ ٤٥
چی بکەم بێ تۆ؟........................ ٤٦
دەتۆش جارێک بەڵێن بدە........................ ٥٠
تۆخۆت دڵی کەچی بۆ دڵیش برینی........................ ٥٣
مردن........................ ٥٥
برین........................ ٥٨
قاوە........................ ٦٠
ئەم و تۆ........................ ٦٢
نەفامیی دڵ........................ ٦٤
ببە بەمن منیش بەتۆ........................ ٦٥
[illegible]........................ ٦٩

Scanned with CamScanner

ڤالانتاین.......................................... ٨٠
دڵی خەوتووم........................................٨٢
جەژنی بوون......................................... ٨٤
چاوەکانی ١......................................... ٨٥
چاوەکانی ٢......................................... ٨٧
چاوەکانی ٣......................................... ٨٩
چاوەکانی ٤......................................... ٩١
هەست................................................٩٢
دڵی ماندوو......................................... ٩٤
سەنا.................................................٩٦
بەیانیت باش........................................٩٨
لەناو گۆڕا......................................... ١٠١
بیرت ئەکەم........................................ ١٠٤
چۆنی بێ من........................................١٠٦
بێ کۆتایی..........................................١٠٨
قاوەخانە........................................... ١١٠
ساندرێلا...........................................١١١
گوڵێ خەیاڵ........................................١١٤
چ ڕەوایە...........................................١١٦
وەرەوە.............................................١١٨
وەرەوە ١.......................................... ١٢٠
وەرەوە ٢...........................................١٢١
خەمی دووری.......................................١٢٢
لەبیرت دێ ؟.......................................١٢٤
لەبیرت دێ ١.......................................١٢٦
لەبیرت دێ ٢.......................................١٢٧
لەبیرت دێ ٣.......................................١٢٨
ئەم زستانە ١...................................... ١٣٠
ئەم زستانە ٢...................................... ١٣١

Scanned with CamScanner

نەوژین سۆران
تالی ٢ .......... ١٣٣
تالی ٣ .......... ١٣٤
هەور ١ .......... ١٣٦
هەور ٢ .......... ١٣٨
بمدەنەوە .......... ١٤٠
قژی خاو ١ .......... ١٤٢
قژی خاو ٢ .......... ١٤٤
بیرم مەکە .......... ١٤٥
گوڵی جوانی ١ .......... ١٤٧
گوڵی جوانی ٢ .......... ١٤٨
گوڵی جوانی ٣ .......... ١٤٩
گوڵی جوانی ٤ .......... ١٥٠
گوڵدان ١ .......... ١٥١
گوڵدان ٢ .......... ١٥٢
گوڵدان ٣ .......... ١٥٣
ئازارەکانی تۆ .......... ١٥٤
ئازارەکانی تۆ .......... ١٥٦
وەرز ١ .......... ١٥٨
وەرز ٢ .......... ١٦٠
شەرم .......... ١٦١
جێگە پێت .......... ١٦٣
ئەگەر ئەمجارە بێیتەوە .......... ١٦٤
تۆ ئەم شیعرەی .......... ١٦٦
بێناونیشانەکان .......... ١٦٩



Scanned with CamScanner


ستۆدیۆ: ڕادیۆی دەنگی خەڵک

تۆمارکردنی دەنگ: سۆرین ناتق – حسێن خەلیل

میکس و ماسترینگ: سۆرین ناتق

چاپی سیدی: سەنتەری ئاوۆ


Scanned with CamScanner




Scanned with CamScanner